





https://serchawe.com

بەشێک لەوتار و بابەتەکانی هاوڕێ برایم لاجانی سەبارەت بە کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو.

## پێڕست:

– چەند وتەیەک ................................ نووسینی: برایم لاجانی ..... ٣
– میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو!............................................ ٤
– چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو بەرینە پێش؟.............................. ١٧
– قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە................................. ٢٠
– دوکتۆر قاسملو تێکۆشەری شێلگیری ڕێگای دابینکردنی دێموکراسی.............................. ٣٠
– سیهەمین ساڵیادی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو.......................................... ٣٤
– تیپۆلۆژی دکتور قاسملوو لەحیزبایەتی، کوردایەتی و خەبات و سیاسەتدا........................ ٣٨
– دیمانە: قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.!............ ٦٣
Commemorating Dr. Abdul Rahman Ghassemlou: A Legacy of Courage and Vision ................................................................. 67



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند وتەیەک




نووسینی: برایم لاجانی

ئەمساڵ ٣٥ ساڵ بەسەر شەهید بوونی دوکتۆر قاسملووی نەمردا تێدەپەڕێ، بەوحاڵەش ئیدەو ڕوانگەو میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملووی نەمر، هەروا ئەستێرەی ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن. ڕووداوەکانی چەندساڵی ڕابردوو دەریانخست کە ناو و یادی دوکتۆر قاسملوو بۆ لاوانی کوردستان بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و وزەو ئینێرژی خەباتگێڕانە. لە ڕەوتی کاری حیزبی و تەشکیلاتیم دا، لە زۆر دەرفەت و موناسەبەتدا، لەسەر ڕۆڵ و نەخشی دوکتۆر قاسملوو لە بزووتنەوەی کوردستاندا قسەم کردوە یا وتارم نوسیوە. برای بەڕێز و تێکۆشەرم کاک ڕەحمانی نەقشی زەحمەتی کێشاوە و بەشێک لەو باس و بابەتانەی لە چوارچێوەی نامیلکەیەکدا کۆکردونەتەوە و بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێ ئامادی کردوون. هیوادارم ئەو باسانە ببنە سەرچاوەیەک بۆ ئەو بەشە لە لاوانی کوردستان، کە دەیانەوێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەگەڵ میراتی سیاسی دوکتۆر قاسملوو ئاشنابن.

پڕبەدڵ سوپاسی کاک ڕەحمان دەکەم. ئەوە یەکەم کاری کاک ڕەحمان نییە لەو پێوەندیەدا، ناوبراو لە کۆکردنەوە و ڕێک و پێکردن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی حیزبیماندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. هیوادارم هەرساخ و سلامەت بێت و هەروا لە ڕیزەکانی حیزبەکەماندا، سەرچاوەی خزمەت و کار و تێکۆشان بێت.

پووشپەڕی ٢٠٢٤ - ئۆسلۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو!




هاوینی ئەمساڵ، سی وپێنج ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو و هاوالانیدا تێدەپەڕێ. قاسملوو، وەک سەرکردەیەکی بەوەج و لێوەشاوە، هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە پێناو دابین و دەستەبەرکردنی ئازادی و دێموکڕاسی و مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە کورددستانی ئێراندا تەرخان کردبوو. هەر بەوتاوانەش لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێکەوتی ١٣ی ژوئێنی ساڵی ١٩٨٩ی زاینی لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، تیرۆرکرا. کەچی ئیدەئاڵ و میراتی سیاسی و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ناوبراو، پاش تێپەڕینی ئەو هەموو وەختە، هێشتاش بۆ تێکۆشەرانی کورد و هەموو ئەوانەی لە پێناو ئازادی و دێموکراسی لە ئیراندا خەبات دەکەن، هەروا ڕێنیشاندەر و سەرچاوەی ئیلهامن. ئاخر ئەو نۆرم و ئیدە و پرۆژە سیاسیانەی قاسملوو، بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی وڵاتەکەمان پێشنیاری دەکردن و لە پێناویاندا کاری دەکرد، نەک هەروا جێی ئیعتیبار و ئاکتوێلن، بەڵکوو بە ڕێگا چارەی ئەو گیروگرفتەجۆراوجۆرانەش دادەنرێن کە وڵاتەکەمان دەگەڵیان دەستەو یەخەیە.

### ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بردنەپێشی خەباتی گەلی کورددا

نەخشی دوکتور قاسملوو لە بردنەپێشی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، هێندە دیار و بەرچاوە، کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەهیچ جۆر حاشای لێ ناکرێ. وەک ڕیبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و لە هەلومەرجە سەخت و دژوارەکانی ژیان و تێکۆشانی حیزبدا، ڕۆڵێکی گرنگ و مێژوویی لە پەرەپێدان و بەرینکردنەوە و بردنە پێش وڕێکخستنی خەباتی گەلی کورد، لە پێناو داخوازە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا گێرا. بەڵام پرۆژەی سیاسیی قاسملوو زۆر لەوەش گەورەتر و هەموو لایەنەتر بوو. ئەو خوازیاری دامەزراندنی سیتسەمێکی سیاسی دێموکراتیکی ئەوتۆبوو، کە لەوێدا، دەستەڵاتی حکوومەتی لە ئێراندا دابەشبووبێت، گەلانی ئێران بە مافە نەتەوایەتیەکانی خۆیان گەیشتبن و لەهەموو دامەزراوە دەوڵەتی و سەرتاسەریەکاندا، نوێنەرایەتیەکی عادڵانەیان هەبێت و دەنگیان ببیسترێ و ڕێزی لێبگێرێ.

دیسانتڕالیزاسیۆن و بەهێزکردنی ئەو ناوچانەی لە ئاکامی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسیدا، بە ئەنقەست لە دواکەوتوویی دا ڕاگیراون و پەڕاویزخراون.

بە شێکی هەرە گرنگی فەلسەفە و پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بریتی بوو لە دیسانتڕالیزسیۆن وبەهێزکردنی هەموو لایەنەی ئەو ناوچە پەڕاوێزخراوانەی کەلە ئاکامی ستەمی سیاسی و نەتەوایەتیدا، لە دواکەوتوویی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا ڕاگیراون. ئەو بە قووڵی لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە تەنیا ئەوکاتە دێموکڕاسییەکی ڕاستەقینە لە ئێراندا دادەمەزرێ و گەشەدەکا، کە دەستەڵات لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەماندا، لە شێوەی خودموختاری و پیکهێنانی حکوومەتە ناوچەییەکاندا دابەش کرابێت. بە جۆرێک کە نیاز و داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی خەڵکی ئەوناوچە جۆراوجۆرانە، لە قانووندا دابین و دەستەبەر کرابن.

ئەو جۆرە مۆدێلە لە حکوومەت، لە وڵاتێکی فرەگەل، فرەزمان و فرە کولتور و فرە مەزهەبی وەک ئێراندا، کە کۆبوونەوەی دەستەڵاتی حکوومەتیی لە ناوەنددا، بۆتە هۆی لە ژێرپێنانی ماف نەتەوایەتی و ناسنامە و فەرهەنگ و کولتووری گەلان و کەمایەتیەکانی دیکە، بە پێویستیەکی کۆنکرێت و ئۆبجێکت لە قەڵەم دەدرێ.

دابەشکردنی دەستەڵات و دیسانتڕالیزاسیۆن، بۆ دوکتور قاسملوو، هەر ستراتیژیی سیاسی نەبوو، بەڵکوو جۆرێک ڕێکخستنی کۆمەڵگاش بوو. سیستەمێک کە لەوێدا کۆمەڵگە ناوچەیی و مەحەللیەکان، کەمایەتیە نەتەوایەتی و مەزهەبی وفەرهەنگییەکان، بتوانن بە شێوەیەکی سروشتی گەشەبکەن و لە هەرچەشنە سەرکوت و پەڕاویزخستنیکی دەوڵەتی ڕزگاریان بێت. ئەو کە بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و سیستەمێکی فیدڕاڵی هەبوو، پێی وابوو هەرکام لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران، هەر لەوکاتەدا کە دەتوانن ناسنامەی فەرهەنگیی تایبەت بەخۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن، دەشتوانن کۆمەگ بە ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی یەکیەتیی و سەقامگیریی سیاسیی وڵاتەکەشمان بکەن. ئامانج لەوکارە، ڕێگرتن لە زاڵبوونی دەستەو تاقمێکی ئێتنیکی و مەزهەبی تایبەت بەسەر هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی دیکەی وڵات و دروستکردنی هەستی تەعەلوق و هاوپێوەندیی و ئیحساسی سەربەخۆیی فەرهەنگی و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان هەموو هاووڵاتیانی ئێران دابوو.

## دیفاع لە مافی کەمایەتیەکان

سەرەڕای هەموو ئەوانە، دوکتۆر قاسملوو لایەنگری سەرسەختی مافی کەمایەتیەکانی دیکەش بوو. ئەو نەک هەر بەرگری لە مافی گەلی کورد دەکرد، بەڵکوو دیفاعی لە ماف و ئازادیەکانی هەموو گەلان وگروپ و دەستەو تاقمە پەڕاوێزخراوەکانی دیکەی ئێرانیش دەکرد. ناوبراو لە بایەخ و گرنگیی دروستکردنی کۆمەڵگایەک تێگەیشت بوو کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتوورە جیاوازەکان، دوور لە هەر چەشنە جیاوازی و هەڵاواردن و سەرکوت و زەبروزەنگێک، پێکەوە لە هارمۆنی و هاوئاهەنگی و لە پێکەوە ژیانی بە ئاشتیانەدا بەسەربەرن.

لەو پێوەندییەدا قاسملوو بۆ داکۆکی و پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان و گەلانی ڕەسەن و خۆجێ، کاری دەکرد.

دوکتور قاسملوو لە خەباتی خۆیدا هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پاراستنی مافی کەمینەکان نەک هەر ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسیە، بەڵکو بۆ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئاشتییش پێویستە. ئەو هەمیشە ئاماژەی بەوە دەکرد کە مافەکانی کەمینەکان لەگەڵ پرسە فراوانەکانی مافی مرۆڤدا تێکەڵ بوون و لێک جیاناکرێنەوە. ئاخر قاسملوو پێی وابوو کە پەراوێزخستنی هەر گروپێک، سەرکوت و هەڵاوردنی هەر کەمایەتیەک، لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگا بە گشتی و زیان بە ڕەوتی گەشەی هەموولایەنەی وڵات دەگەیەنێ. پابەندبوونی ناوبراو بەو پرەنسیپانە، قاسملوویان کردبووە کە کەسایەتیەکی کاریزمای خاوەن ڕێز و پرستیژی سیاسیی، بەچەشنیک کە لە نێو گەلان و گروپە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، وەک سەمبوولی یەکگرتوویی لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە بە دژی زووڵم وستەم و دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدا، سەیری بکرێ.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دوکتۆر قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییدا

دوکتۆر قاسملوو، بێجگە لە تێکۆشان لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا، ڕۆڵێکی گرنگیشی لە بردنە پێشی ئامانجی کوردەکان وهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەگێڕا. بەردەوام کاری بۆ ئەوە دەکرد تا زانیاری و هوشیاریی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڵاو بکاتەوە. لەوەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی هاوپێوەندیی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە مافی ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان لە نێواندا دابەشکراوە، تێدەکۆشا. ناوبراو لە ڕێگای کارو پێوەندیەکانی دەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان، دەوڵەتەکان و ناوەند و دامەزراوە نێونەتەوەییەکاندا، هەوڵی دەدا چارەسەریی مەسەلەی کورد بخاتە نێو چوارچێوەی پەرەپێدانی عەداڵەتی جیهانی و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ.

چالاکیە دیپلۆماسیەکانی قاسملوو بواری جۆراوجۆریان دەگرتەوە. قسەکردن و وتاردان لە سیمنار و کۆڕوکۆبوونەوە جیهانی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکانی مافەکانی مرۆڤدا، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان بۆ تاوتوێکردنی دۆخی نالەباری کورد، فۆرمۆڵەکردنی داخوازەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەسلە پەسندکراوەکانی حقوقی نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، حزووری کاریگەر لە ڕاگەیەنە گشتییە جیهانی و ناوچەییەکاندا، هەموو ئەمانەو لەوەش زیاتر، تەعەهودی ناوبراو بە پرنسیپە ئەخلاقیەکان، پێداگرتنی بەردەوام لەسەر بایەخە ئینسانیەکان، دیفاع لە حەق و عەداڵەت و ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان و وەستانەوە بەڕووی کۆنەپەرستیی و دیکتاتۆرییدا، ببوونە هۆی ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو متمانە و ڕێز و ئیعتیبارێکی بەرزی سیاسیی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بۆخۆی وەدەست بێنێ.

هەروەها دوکتور قەسملوو وەک سەرکردەیەکی بە ئەزموون و شارەزای سیاسەتی جیهانی، هەوڵیدەدا هاوپەیمانیی لە نێوان بزووتنەوەی کورد لەگەڵ گەلان و گروپە ستەملێکراوەکانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا دروست بکات. ئەو چاک لەوە تێگەیشتبوو کە خەبات بۆ مافەکانی گەلی کورد، بەشێکە لە شەڕێکی گەورەتر لە دژی ستەمکاری و نادادپەروەری و زووڵم و ستەم و چەوسانەوە سەرتاسەی دونیادا. ناوبراو تێدەکۆشا بە لێکگرێدانی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی جیهانیی مافی مرۆڤ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیەکانی دیکە و تێکەڵ بوون دەگەڵ بەرەی دێموکراسی خوازی، بەرە یا تۆڕێکی گەورەی هاوپشتی و پشتیوانیی لەیەکتر لە نێو بزووتنەوەی کورد و ئەو بزووتنەوانەدا سازبکات کە بتوانێت فشاری زیاتر بخاتە سەر ڕێژیمە سەرەڕۆ و دەستەڵاتە سەرکوتکەرەکان.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شوێنەواریی دوکتۆر قاسملوو لەسەر سیاسەتی ئێران

قاسملوو لە ڕێگای کەسایەتی خەباتگێڕانەی، بەهۆی توانا و لێوەشاوەییە سیاسیەکانی و پابەندبوونی بە دیموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێران هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی لائیک و دێموکرات، بە توندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی دەکرد. ئەو هەر زوو هەستی بەو هەڕەشە و مەترسییەکانە کرد کە حکوومەتی ئاخووندی بۆسەر ئازدی، دێموکراسی، فرەچەشنی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەیتوانی هەیبێ. بۆیە بە هەموو تواناوە هەوڵیدا ئێرانییەکان لە هەموو چین و توێژەکان لە دژی نیزامی سەرەڕۆیی ئاخووندی یەکبخات و لەهەموو دەرفەتێکدا جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سیکۆلار لە ئێراندا، دەکردەوە.

## دژایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نیزامی ئیسلامی

دژایەتی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ نیزامی ئاخوندی، لە پابەندبوونی ناوبراو بە دێموکراسی، سکۆلاریزم و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو پێی وابوو دەوڵەتێک کە لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی و ئایینی دامەزرابێت، حەتمەن ئەو کەس و گروپ و دەستەوتاقمانە سەرکوت دەکات کەناچنە قالبی ئەو مەزهەب و ئیدەئۆلۆژیەو لەگەڵ تاقمی دەستەڵاتدار لە سیاسەت و دین و عەقیدەدا هاوبەش نین. بەرنامەی سیاسی ئەو بۆ ئێران، بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێک کە لەوێدا حکومەت و ئایین لێک جیا بن و هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە ئایینەکەیان، مافی وەک یەکیان هەبێ و بتوانن بە تەواوی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن.

ڕەخنەی قاسملوو لە نیزامی ئیسلامی نەک هەر لەبەر ڕووناکایی فەلسەفە و تیۆری سیاسی دا درووست بوو، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموون و کاریگەرییە کۆنکرێتەکانی تیۆکراسی لە ئێرانیشدا ڕەخنەیەکی بەجێ بوو. ناوبراو نیشانیدا کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە کردەوەدا بوونەتە هۆی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافی مرۆڤ، سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕین، قەدەغەبوونی تێکۆشانی حیزب و سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان، سانسۆر و سەرکوت و خەفەقان، بەستنی ڕادیۆ و ڕۆژنامە بێ لایەنەکان، گرتن و ڕاونانی جیا بیران و ئازادیخوازانی ئێران، لەپەڕاوێزخستنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان. بۆیە دژایەتی و بەربەرەکانی دوکتۆر قاسملوو بەرانبەر حکوومەتی سەرەڕۆی مەزهەبی، بە قووڵی لەگەڵ هەوڵی ئەو بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێراندا، یەکیان دەگرتەوە.


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگرتن و بەرەپێشبردنی میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە یادی دوکتۆر قاسملوو بەرز ڕادەگرین، پێویستە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و میراتی خاباتگێرانەی ناوبراو پێدابگرینەوە. ئاخر ئێستاشی دەگەڵ بێت، لە ئێراندا کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو، واتە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووری و دێمکراتیک لەسەر بنەمای پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی، لەسەر بنچیەنەی دیموکراسی و سکۆلاریزم و لێبوردەیی و مافەفەکانی مرۆڤ، لە هەر کاتێکی دیکە ئاکتوێلترە.

## بەرگری و پەروەردە و خوێندن و خۆبەهێزکردن

هەموو هاووڵاتیان، چ کورد و چ غەیرە کورد، لەسەرمانە بەرگری لەو بیرۆکەو ڕوانگەو پرنسیپە سیاسیانە بکەین کە چوارچێوەی ئەو پرۆژەو گەڵالە سیاسیە پێک دێنن کە قاسملوو بۆ داهاتووی ئێران پێشناری دەکرد. ئەمەش لە ڕێگای بەشداریی لەخەبات و تێکۆشاندا، لە ڕێگای پەروەردەو فێرکردن و خۆ بەهێزکردنەوە، لە ڕێگای پتەوکردنی ڕیزەکانی بەربەرەکانی بەرانبەر سەرەڕۆیی و ئیستبدادی ڕەشی ئاخووندیدا، لە ڕێگای بەرینکردنەوەی هاوکاری و هاوپێوەندیی لە نێوان هێزو دەستەو تاقم و حیزب و ڕێکخراوە میللی و دێموکرات و ئازادیخوازەکاندا، ئیمکانی جێبەجێ بوونی هەیە.

بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین هاوپەیمانی دەگەڵ کەسایەتی و هێز و لایەنە سیاسیە هاوبیرەکانمان پێکبێنین. بەهەموو تواناوە بۆ پێشخستنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا تێکۆشین. لەگەڵ گەلان و کەمایەتیە سەرکوتکراوەکانی دیکەی ئێران بەرەی هاوبەش بۆ بردنەپێشی خەبات و ئامانجە ڕەواکانمان دامەزرێننین.

لەو نێوەدا دەستپێشخەرییە پەروەردەییەکان، دەتوانن ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە و ئیدە و نۆرم ڕوانگەو بەهایانەدا بگێڕن کە قاسملوو نوێنەرایەتی دەکردن. قوتابخانە و زانکۆ و ڕێکخراوە مەدەنی وکۆمەڵایەتیەکان، دەتوانن کار و ئیدەو و بیرۆکەکانی قاسملوو بخەنە ناو پرۆگرام و بەرنامە و پلانەکانی خۆیانەوە.

دروستکردنی ئامراز، کاناڵ و کەرەستەی پەروەردەیی، کە تیشک بخەنە سەر ڕوانگەو بیرۆکەو سیاسەتەکانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێراندا، دەتوانێت، بۆ لاوان، ڕێبەران و سەرکردە مەیدانییەکان، بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی، بۆچالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ، ببێتە سەرچاوەی ئیلهام وسەرمەشقی کار و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەبات. فیلمی دیکۆمێنتاری، ژیاننامە و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک لەسەر ژیان و خەباتی دوکتۆر قاسملوو، دەتوانن میراتەکەی بپارێزن و نەیەڵن خزمەتەکانی بە گەلی کورد، بە پرۆژەی دێموکراسی لە ئێراندا و هەروەها بەشدارییەکانی لە بەرهەمهێنانی کولتورێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، لەبیر بکرێن. بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاگاهی سیاسیی سەبارەت بە کار و تێکۆشانی قاسملوو لە پێناو ئازادیدا، دەتوانین کولتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بنەما و نرخ و بایەخە دیموکراتییەکان لە نێو خەڵک و لاوانی وڵاتەکەماندا پەرەپێبدەین.

## کار و هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

جگە لەوەش دەبێت لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەسەر بەهێزکردنی دەنگی ئەو خەباتەی دوکتۆر قاسملوو دەیبردە پێشێ، بەردەوام بین. بە هوشیارکردنەوەی کوڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئازادیخوازی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بەشداریی و کاریگەریی ڕوانگەکانی قاسملوو لە خەباتی کورد و چۆنیەتی بردنەپێشی دێموکراسی لە ئێراندا، دەتوانین پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆلای خەباتی کورد و گەلانی دیکەی وڵاتەکەمان ڕاکێشین. دەتوانین سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای ئەو هەموو سەرکوت و سەرەڕۆییە ڕاکێشین کە ڕێژیمی ئاخوندی بەسەر خەلکی ئیرانی دا سەپاندوە. بەجۆرە دەتوانین فشار بخەینە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و وەبەرچاوگرتنی عورفی نێونەتەوەیی. لەسەرمانە پەیوەندیی بەردەوامان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، هیومان ڕایتس وۆچ و هەروەها ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک شوڕای مافی مرۆڤ وهتد دا هەبێت. ئەمە دەتوانێت کۆمەک بەوەبکات کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم و زیندان و گرتن و ڕاونانی ئازادیخوزانی وڵاتەکەمان لەلایە کۆماری ئیسلامیەوە، بکەوێتە بەر سەرنجی بیروڕای گشتی دونیاو سەرەنجام ببێتە هۆی پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی پێویست.

شایانی باسە ک کار وداکۆکیکاری نێودەوڵەتی دەتوانێت چەندین شکڵ و شێوە بەخۆوە بگرێت. وەک ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و دۆکیۆمێنت و بەڵگەی شایەتحاڵی، تا دەگاتە بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. بە حزووری بەردەوام و چالاکانەمان، بە هێنانەگۆڕێ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمەوە لەم کۆڕانەدا، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە خەباتی کورد وەک پرسێکی ئاکتوێل و دیار لە ئەجێندای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بمێنێتەوە. جگە لەوەش دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ میدیای نێودەوڵەتی، دەتوانێت پەیامەکانمان بە گوێی حەشیمەتێکی خەڵکی دونیا بگەیەنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دروستکردنی هاوپەیمانی

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتور قەسملوو لە پێوەندیی دەگەڵ بردنە پێشی هاوخەباتی و هاوپەیمانی نێوان هێز و لایەنەسیاسیەکان بپارێزین و بەهێزتریشی بکەین. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی شێوەی ڕێبەرایەتیی دوکتۆر قاسملوو بوو. ئەو مۆدێلە لە سەرکردایەتی و پابەندبوونی بێوچانی ناوبراو بە دۆزی ڕەوای کورد، دەبێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتووی میللەتەکەمان. لە ڕێگەی یادکردنەوە و دەستپێشخەری پەروەردەیی و بۆنە کولتوورییەکانەوە، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی قاسملوو لە گەڵماندا هەر بەردەوامە و ئایدیاڵەکانی لەهەوڵ و تێکۆشانماندا بەرەو کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و دیموکرتیک، هەروا ڕێنیشاندەرمانن. هەروەها پێویستە هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپە نەتەوەیی و سیاسییەکانی دیکەی ئێران دروست بکەین. بە پتەوکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەدژی نیزامی ئاخووندی، دەتوانین کاراتر بەرەو ئامانجی هاوبەشمان واتە ئێرانێکی دێموکرات و گشتگیرتر هەنگاو هەڵگرین.

کۆڵەکەکانی ڕوانگەی دوکتور قاسملو، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و تەعەهودی هەمووان بەئامانجی هاوبەش واتە مەزراندنی ئێرانێکی دێموکرتیک ڕاوەستاون. قاسملوو چاک لەوە تێگەیشت بوو کە خەبات بۆ مافەکانی کورد لەگەڵ خەبات بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێک گرێدراون. هەربۆیەش بە هاوکاری لەگەڵ گروپەکانی دیکە، کە لەو بەها و نرخانەدا دەگەڵ کورد هاوبەش بوون، بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو کە توانای تەحەدای دەسەڵاتی ئاخووندیی هەبێت، لەهیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێخی نەدەکرد.

## خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی

خەبات بە دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بە توندی لەگەڵ خەباتێکی گەورەتر و بەرینتر بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ تێکەڵ بووە. سرووشتی پاوانخوازیی و ئیدەئۆلۆژیکی ڕێژیم بووەتە هۆی زاڵ بونی سەرکوتێکی بەربڵاو، ڕاونان و گرتن و تۆقاندن و تیرۆر. بۆ نموونە سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، سانسۆرکردنی ئازادیی بەیان، قەدەغەکردنی ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە و بەرتەسککردنەوەی توندی ئازادییە سیاسییەکان. بۆیە دیدگای دوکتور قەسملوو بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک، هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ پراکتیکەکانی ڕێژیمی ئێستادا ناتەبایە. بۆیە میراتی قاسملوو لە خەبات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە دژی کۆماری ئیسلامی دا دەتوانێت، بە هەموو هێز و لایەنە سیاسیەکانی وڵاتەکەمان ببێتە ستڕاتیژیەکی هاوبەشی خەبات.

## پێشێلکاری مافی مرۆڤ

کارنامەی ڕەشی ڕێژیمی ئاخووندی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە بە بەردەوامی مەحکووم کراوە. پرسەکانی وەک گرتن و ڕاونانی ئازادیخوزان، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان، دادگاییکردنی نادادپەروەرانە، بێ سەروشوێنکردنی ڕەخنەگران و جیابیران تەنیا بەشێکی ئەو کارنامە ڕەشەن. سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، لەوانە کورد، بەهایی و سوننە، ڕووبەڕووی هەڵاوردن و توندوتیژیی سیستماتیک دەبنەوە. بەرگری دکتۆر قاسملوو لە مافەکانی کەمینەکان لەم چوارچێوەیەدا بە تایبەتی جێگای سەرنج و بەرچاوە. ناوبراو بەشێوەیەکی سەرسەخت و شێلگیرانە بانگەشەی بۆ ماف و ئازادییەکانی ئەو کەس و دەستەو تاقمانە دەکرد کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پەراوێزخراون و بە شێوەیەکی سیستەماتێک دە چەوسێنرێنەوە.

کەواتە بەدۆکیۆمێنتکردن و ئاشکراکردنی ئەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ لایەنێکی گرنگی خەباتە. بە کۆکردنەوەی بەڵگە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی کەیسەکان بە دەزگا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانین ڕێژیم لە قاودەین و لە پێوەندیی دەگەڵ ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەدا کە بە دژی خەڵک بەڕیوەی دەبات، بیخەینە بەردەم لێپرسینەوە. لەو پێوەندیەدا دەبێت شەفافیەت و دادپەروەری بکەینە بنەمای کار. لەسەرمانە ڕاست و ڕەوان بین و ڕاپۆرتەکانمان بە بەڵگەو دۆکیۆمینتی باوەڕپێکراو و جێگای متمانەوە بخرێنە بەرچاوی کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان.

**بۆ بردنەێش و دەوڵەمەندکردن و بەکارهێنای میراتی سیاسی و ئینلایتنمێنتی قاسملوو دەتوانین گەلێک دەستپێشخەریی بکەین:**

## بەهێزکردنی تۆڕەکانی بەرگری

پێویستە تۆڕی جۆراو جۆر بۆ بەرگری لە مان و مەوجودییەت و داکۆکی لە مافەڕەواکانی گەلەکەمان دروست بکەین و بەهێزیان بکەین، بەجۆرێک کە ئەوتۆڕانە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاستی دونیادا لۆبی بۆ مافەکانی کورد و دیموکراسی لە ئێراندا بکەن. دامەزراندنی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و کەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەرگرتن لە کەناڵە دیپلۆماسییەکان بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی ئێران، بەشێک لەو ستراتیژیەن. بە پێکەوە کارکردن دەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ دەتوانین هێزێکی بەهێزتر بۆ گۆڕانکاری لە ئێران و ناوچەکەدا دروست بکەین.

هەروەها تۆڕەکانی بەرگریی دەتوانن پشتیوانی لەو کەس و گروپانە بکەن کە لە نیوخۆی وڵاتدا بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ و وەدیهێنانی داخوازەکانی گەلی کورد کار و خەبات دەکەن. ئەمەش دابینکردنی سەرچاوەی ماددی و و ڕاهێنان و هاودەنگی و هاوپێوەندیی نێودەوڵەتی بۆ چالاکوان و ڕێکخراوە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێتەوە. بە بەهێزکردن و بەرینکردنەوەی ئەو تۆڕانە دەتوانین توانای بەرگری و بەرخۆدانیان لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگدا بەرینەسەر و مەیدانی کارو خەباتیان بۆ هەموارتر کەین. هیچ گومانی تێدانییە کە کارو بەرگرییەکی لەوجۆرە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵووگۆڕی پڕ مانا بە قازنجی ئازادی و دێموکراسی لە ولاتەکەماندا.

## پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە مافی مرۆڤ

پەروەردە ئامرازێکی بەهێزە بۆ گۆڕانکاری. بە کارکردن لەسەر فێربوون و ئاشنابوون دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، بە جێکردنەوە بۆ پەروەردەی مافی مرۆڤ لە نێو مێدیا کۆمەلایەتیەکان و کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و فەرهەنگییەکان و گوتاری گشتیدا، دەتوانین ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە مافی کەمینەکان و بەها دێموکراتیکەکان لە نیو خەڵکدا بەرینەسەر. ژیان و خەبات و کارەکانی دوکتور قاسملوو لەوبوارەدا دەتوانن ببنە سەرمەشقی هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە.

هەروەها لەسەرمانە لەبەرنامە پەروەردەییەکاندا، پێ لەسەر پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دابگرین. تۆوی پەرەپێدانی ڕووحییەی ئازایەتیی مەدەنی لە نێو کووڕوکچەلاوەکاندا بچێنین. بە هاندانی خەڵک بە ئاشنابوون و لە گەڵ ماف و ئازادەکانیان و تەشویقی ئەوان بۆ بەشداری چالاکانە لە کاروباری کۆمەڵگاکانیاندا، دەتوانین هاولاتییەکی هوشیا و چالاک پەروەردە بکەین. ئەمەش بۆ دامەزراندن و بردنەپێشی دیموکراسییەکی بەهێز و بەردەوام و گشتگیر لە ئێراندا پێویستە.

## بردنە پێشی خەبات و تێکۆشان بە مافەکانی گەلی کورد و دێموکراسی لە چوارچێوەی قانوونی نێودەوڵەتیدا

یاسای نێودەوڵەتی چوارچێوەیەکی بەرین بۆ پاراستن و پەرەپێدان و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیموکراسی دابین دەکات. بە ئاماژەدان بە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان کە دەوڵەتی ئێرانیش ئیمزای کردوون و بۆ وەبەرچاوگرتن و پیادەکردنیان بەر عۆدەبووە، دەتوانین ڕێژیم لە ئاستی جۆراوجۆردا سەبارەت بەسیاسەتە دژی گەلیەکانی لە کوردستان و ئێران بخەینە بەر لێپرسینەوە. ئەمەش وەک باسمان کرد لە ڕێگای پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بەئۆرگانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداریکردن لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا، جێبەجێ دەبێت.

هەروەها هاوکاری و پەیوەندیگرتن لەگەڵ میکانیزمە یاساییە نێودەوڵەتییەکان، دەتوانێت پشتگیریی یاسایی و مەعنەوی و ئەخلاقی بۆ چالاکوانان و تێکۆشەرانی کورد و باقی هاوولاتیانی دیکە، لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ کۆنەپەرستی ئاخووندیدا دەستەبەر بکات. بە کەڵک وەرگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەتوانین پەنابەری، پاراستنی یاسایی و جۆرەکانی تری هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێنە ئامانجی ڕاونان و سەرکوت و تیرۆر وەدەست بخەین. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەبات بۆ مافەکانی گەلی کورد، بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ سەرەڕای سەرکوتی حکومەت، هەروا بەردەوام دەبێت.

## پشتیوانی لە کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرگریکردن و پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دا دەگێڕن. پشتگیریکردنی ئەم ڕێکخراوانە، چ لە ڕووی دارایـیەوە و چ لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی دیکەی وەک تواناسازییەوە، دەتوانێت لێوەشاوەیی و کارایی ئەوان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری مەدەنی و کۆمەڵایەتی زیاد بکات. ئەمە پشتیوانی لە میدیای سەربەخۆ، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، چالاکوانانی بوارەکانی مافەکانی ژنان، منداڵان، ژینگە، سەندیکا کریکاری و پیشەیی وبزووتنەوە خوێنکاریەکان و هتد دەگرێتەوە.

لە ڕێگای پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیندوو، چالاک و خۆڕاگر، دەتوانین بناغەیەک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بەردەوام دروست بکەین. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان پێشکەش دەکەن، داکۆکی لە پێکهێنانی ڕیفۆڕم چاکسازی لە سیاسەت دا دەکەن و حکومەت دەخەنە بەرلێپرسینەوە. بۆیە بەهێزکردنی ئەم ڕێکخراوانە بۆ پێشخستنی دیدگای دوکتور قاسملوو لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک،گشتگیر، سکۆلار و دیسانتراڵیزە لە ئێراندا پێویستە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەهێزکردن و پەرەپێدانی دیپلۆماسی کولتووری و فەرهەنگی

دیپلۆماسی کولتووری دەتوانێت ئامرازێکی بەهێز بێت بۆ دروستکردنی پرد و پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی گەلان و نەتەوەکان لە یەکتر. بە پێشخستنی فەرهەنگ و کولتوور و زمان و ئەدەبیات و کەلەپووری کوردی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەگەڵ ناوەند و دامەزراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتی و جیهانییە پێوەندیدارەکاندا، وەک بەشداری لە پێشانگا هونەرییەکان، جەژن و فیستیڤاڵە موسیقییەکان، کۆڕوکۆبوونەوە ئەکادیمی و زانستییەکان و هتد دا، دەتوانین ئاستی هۆشیاری و ئاگاهی بیروڕای گشتی دونیا سەبارەت بە خەباتی کورد بەرز کەینەوە و هاودەنگیی و هاوپێوەندیی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان وەدەست بێنین.

هەروەها دیپلۆماسی کولتووری دەتوانێت هەرچەشنە ڕوانگە و بۆچوونێکی نەرێنی و زانیارییەکی هەڵە کە سەبارەت بە کورد و خەباتە ڕەواکەی لە نێو بیروڕای گشتیدا بڵاوبۆتەوە. پووچەڵ بکاتەوە. بە نمایشکردن و نیشاندانی لایەنە جوان و ئینسانیەکانی کولتوور و فەرهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێ و خواردن و جلوبەرگ و کولتووری ئازادیخوازانەی کورد، دەتوانین ڕێز و حورمەت و تێگەیشتنی زیاترلە نێو گەلاندا بۆ پشتیوانی لە خەباتی میللەتەکەمان وەدەست خەین. ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی جیهانی گشتگیرتر، جیهانێک کە لەوێدا هەموو گەلان و نەتەوە و دەستەو تاقم و گرووپە جۆراوجۆرەکان، پێکەوە لە ئاشتی و تۆلێرانسە و پێکەوە هەڵکردنی دێموکراتیک دا بژین و فەرهەنگ و کولتووری یەکتر دەوڵەمەند کەن.

## ئەنجام

یادی ۳۵ ساڵەی تیرۆرکردنی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، دەرفەتێکی باشە بۆ وەبیرهێنانەوە و بیرکردنەوە لەوە کە چۆن دەتوانین میراتی سیاسی و فکری و کولتووی خەباتگێرانەی ناوبراو بەرێنە پێشێ. چ وەک کورد و چ وەک هاووڵاتی ئێران، ئەرکی ئەوەمان لەسەر شانە کە لە پێشدا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو لە پێناویاند خەباتی دەکرد - دیموکراسی، سکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی کەمینەکان، ریز لەیاد و ناوی ئەو سەرکردە گەورەیە بگرین. تەنیا بە کارو خەباتێکی چالاکانە بۆ ئەم ئایدیاڵانە دەتوانین خەونی ئەو بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە لەوێدا هەموو هاووڵاتیان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەدی بهێنین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو تەنیا لە هەوڵدان بۆ مافەنەتەوایەتیەکانی گەلی کورددا سنووردار ناکرێتەوە؛ بەڵکو تێکۆشانی ناوبراو، ئینلایتنمێنی قاسملوو، داخوازیەکانی هەموو ئەو ئێرانیانەی لەخۆگرتبوو کە خوازیاری ئازادی، دێموکراسی و و دادپەروەری بوون. بۆیە کارەکانی، ژیان و خەباتی، نەخشەڕێگایەکمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی فرە کولتوور دەخەنە بەدەم، کە لەسەر بنەمای بەها دیموکراتیکەکان و مافەکانی مرۆڤ دامەزرابێت. بە بردنە پێشی ئایدیاڵەکانی و سووربوون لەسەر ئەو خەباتەی ئەو ژیان و گیانی خۆی لە پێناویدا بەختکرد، دەتوانین ڕۆحی قاسملوو بە زیندووی بهێڵینەوە و ڕێگا بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ هەموو گەلانی ئێران و چین و توێژە زەحمەتکیشەکانی وڵاتەکەمان خۆش بکەین.

میراتی سیاسی و فکری قاسملوو، بریتیە لە پابەندبوونی شێلگیر بە عەداڵەت و دێموکراسی و مافەکانی گەلانی چەوساوەی ئێران. ئێستا کە هەروا لە پێناو دامەزراندنی ئێرانێکی دیموکراتیک و گشتگیر، لەخەبات و بەربەرەکانی داین، با ئیلهام لە ژیان و خەبات و ئیدەئاڵەکانی دوکتور قاسملوو وەربگرین. با ئەو ئەسڵ و پرەنسیپە سیاسیانەی شکڵیان بە کەسایەتی سیاسی ئەو دابوو، بکەینە ڕێنمای خۆمان لە هەوڵەکانماندا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیمکراتیک لە ئێراندا،

**واتە سیستەمێکی سیاسی ئەوتۆ کە لەوێدا هەموو ئینسانەکان، بە کەرامەت و بە ئازادی و ڕێزەوە،پێکەوە بژین.**

**پووشپەڕی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چۆن میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی قاسملوو بەرینە پێش؟

### لە سی‌وپێنجەمین ساڵی شەهیدبوونی د. عەبدولڕەحمان قاسملوودا:




پووشپەڕی ئەمساڵ، سی‌وپێنج ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێدەپەڕێ. بەوحاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.

ڕۆڵی گرینگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات نەخشێکی سەرەکیی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پیناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکیی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەودا کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە، مافەکانیان دەستەبەر کرابن و دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و میللی و سەرانسەرییەکاندا نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەستەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافەکانیان. قاسملوو لەوە تێگەیشتبوو کە دێموکراسیی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەتوانێت گەشە بکات کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانیی نێوخۆیی بدرێت. بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیردرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی کەمایەتییەکان، نەک تەنیا هەر کوردەکان، بەڵکو هەموو گرووپە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران بوو. ئەو خەونی بە دامەزرانی کۆمەڵگەیەکەوە لە ئێراندا دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتوورە جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆلێرانسدا بەسەربەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لە پێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام کاری بۆ وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی دونیا، سەبارەت بەدۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسیی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کەڵکی وەردەگرت.
دووربینیی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دیموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات بەتوندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئایەتوڵلاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندیی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی، پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە بەردەوام بۆ یەکخستنی ئێرانییەکان بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسیە جیاوازەکانیانەوە بۆ ڕاوەستان لەدژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

ئەمرۆ لە کاتێکدا یاد لە میراتی سیاسی و فکریی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ئەو پێ دابگرینەوە. ئاخر لە ئێراندا کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەروەک جاران ئاکتوێلە. بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ خەڵکانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئارمانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە رێگای بردنەپێشی خەبات، پەروەردە و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ کەسایەتی و رێکخراوە میللی و دێموکراتەکان، لەپێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی کەمایەتییەکان لە ئێراندا تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی روانگە و بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد، سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمرۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژەیە راکێشین کە د. قاسملوو کاری لەسەر دەکرد. پرۆژەیەک کە رێگا چارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە ئەمرۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێبکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. رۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێر و شێلگێربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە رێگەی یادکردنەوەی بەردەوامی، لەرێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە رێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عادڵانەتر، رێنیشاندەرمانن.

لە ٣٥مین ساڵی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو دا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد -دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی کەمینەکان- دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی نەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکڕاتیک لە ئیراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە رەواکانی خۆیان گەیشتبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە



پاش تێکشکانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بۆوە. ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو، یا لە زینداندا بوو، یا لە کوردستانی گەرمێن لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە و مەجالی کاری سیاسی وحیزبی لێ زەوت کرابوو.ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا، قاسملوو وەک ئەپۆستێڵ هاتە مەیدان وبوو بە مەسیحی حیزبی دێموکرات.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە. سەربەخۆیی سیاسی وتەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب دارشتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی و تێکۆشەر، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دەرکردەوە. پێوەندییەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر وحیزب وڕێکخراوە ئێرانی وکوردستانییەکان ڕێکخستنەوە.

قەوارە و کەسایەتی وهەیکەل وهەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە. تێکۆشەرانی پەرش بڵاوی حیزبی لێرە و لەوێ کۆکرنەوەوە. بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە و لایەنە کوردستانییەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆیی حیزبەوە وەردا.

* خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لەو قۆناخەدا، بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەخشی دوکتور قاسملوو لە تەیارکردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان سازماندانی خەبات وبەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیشدا، نەخشێکی حاشاهەڵنەگرە.

گەڕانەوەی بەوەختی کاک دوکتور و باقی ڕێبەری حیزب لەو هەلومەرجەدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەو هەموو سەرکوت و زەبر وزەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لەسەر تەشکیلاتەکەی هەبوو، جارێکی تریش هەستێتەوە سەر پێ و ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پرکار و بەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کرد. ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار و مەزن و بلیمەتەکانی ڕۆژگاری خۆی بوو.

مێژوو نوسان پێیان وایە ئەوە کە حیزب لە ئیدامەکاری نەوەستاوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور و سترەکتۆرەیە کە قاسملوو بۆ حیزبی داڕشتووە. دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین. لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ. دوکتور قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب وبزووتنەوەدا هەیە.

ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆرەوە هەروا دەمانباتە پێش. لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبیتێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش سی ساڵ لە شەهید بوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب وبزووتنەوە تەزریق دەکا.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر بوو. ئەو کەسایەتییەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو. کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆش دەویست.

دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک، هەست دەکەم کە بەحورمەتەوە وەرم دەگرن. بۆیە شانازی دەکەم کە ڕۆڵەی کوردستانم و بە ناوی کوردەوە قسەدەکەم. یەکێک لەو دەرسانەی نەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت، لە راستیدا ئەو نیشتیمانپەروەر بوون و کوردپەروەر بوونەیە.

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆرمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد و ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو. و تەبێژێکی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێوەشاوەی نەتەوەی کورد بوو لە ئاستی دونیادا هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورددا نەخشی بنەڕەتی هەبووە.

دوکتور قاسملوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو. بە جەرگ ونەترس بوو. دلێربوو. لە خەبات و بەربەرەکانێ و شەڕ و مقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز و لەشکاننەهاتوو بوو. ڕۆحیەیەکی بەرزو پۆڵایینی هەبوو. پەیامەکانی کە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵک لەڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یەکپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی خەڵک و پێشمەرگە دەنا.

قاسملوو بۆ تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەیکەرەی لەشکاننەهاتوویی و مقاوەمەت بوو.

ڕێبەرێکی بە ئۆتۆریتەبوو. دەیەویست هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بزووتنەوە وئامانجە میللیەکانی کۆکاتەوە. هەمیشە لە هەوڵی ڕێکخستنی هێزە کوردستانی و ئێرانییەکاندا بوو. تێدەکۆشا گەرووبەکی هاوبەش بۆ هاواری کورد روو بە دونیای دەرەوە درووست بکات. دەیگووت دەبێ بەیەک زمان وفۆرمۆڵ بە تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکاندا مەسەلەی کورد بەرینە نێو بیروڕای گشتی.

دوکتور قاسملوو لە بەیانکردن ودەربڕینی هەڵوێستە سیاسییەکانیدا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینییە ڕواڵەتییەکان. لە هەڵوێستگرتندا بۆ ئەو، ئامانجە ئینسانی و دێموکراتیکەکان و حەقیقەت، پێوانە بوون. زۆر جار بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەکرد و لە خنکانیش نەدەترسا. ئەگەر ئەو ئاڵای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسامی هەڵگرت، ڕێژیم لە ئەوپەڕی هێز وتوانا و تەنانەتمە قبووڵیەتیشدا بوو بەڵام ئەو زوو ماهیەتی کۆنەپەرستانە ی ئەو ڕێژیمەی تەشخیس دا و کەوتە لەقاودانی. ئەوە ئەو دەم کارێکی زۆر سەخت بوو.

مەحکومکردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا، مەحکومکردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحکومکردنی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمدا، ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە کاتێکدا کە قوتبێکی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو. ڕاوەستان لە بەرانبەر هێژمۆنیخوازی موجاهیدین، حیزبی توودە و هەندێک هێزولایەنی دیکەی کوردستانیدا، هەموویان نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو قسەیەن.

گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لەوەڕا هاتووە کە مەینستریمی چاڵێنج کردووە و خستویەتە ژێر نیشانەی پرسیار.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندییە میللی و نەتەوەییەکان وخێری گشتی و دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و خێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە و تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتییە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکاندا بووە. ئەو ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تاکتیکی خەباتگێڕانەو چالاکی وکردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێکگرێ دابوون، کە سیاسەت وخەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکەی کورد. ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ وژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت. لەخۆڕا نییە دەیگوت خودموختاری ئەگەر نێوەڕۆکەکەی نەبێتە ژیانێکی پڕ لە ڕفاه وئازادی بۆخەڵکی کوردستان، بایەخی ئەو هەموو خەباتەی نییە، واتە ئەو سیاسەتی بۆ دوو شت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستان. سیاسەت لای قاسملووشتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی ڕۆژانە بۆ گەیاندنی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دونیا.

لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان و جلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا. لە شایی و زەماوەندی پێشمەرگەکاندابەشداری دەکرد. جوانی و ڕێکوپێکی و کاروزەحمەتی و هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و ژیانی بنەماڵەیی تەشویق دەکرد.

حزوورێکی بەردەوام ودیاری هەبوو. لە ریزەکانی بزووتنەوەدا، لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا، لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نێو تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕووناکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی وئەدیب و هونەرمەندانداً، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕڕەنگی هەبوو. پێشمەرگەکان چ لە دفتەر بان، چ لە ناوچە و لە قولایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەویان لە پەنا خۆیان دەدیت. لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم و سەمیمی و سەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش وخەباتدا هەبوو. ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی ومەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە. دوژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر وپۆشتەو پەرداختر بوو، بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگە بوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هێزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەوییە، دوکتور قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا، لە مەیدانی خەبات و سیاسەتی ئێران و کوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پارامیترێکی جیددی بوو. وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەکڕا دەهات، نەتدەتوانی خۆی لێ لادەی و لە بەردەستی ڕاکەی. دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، تەنانەت دوژمنی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی و فاکتۆربوونی ئەوبکا یا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئینکاری بکا. هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جیدی بوونی قاسملوو لەسیاسەت وخەباتدا بکەن. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان .

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس و میوانی و جەژن و زەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لە رۆژانی شایی و چ لەڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە. بە قسەو وتە جوان و پڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەمووان دادەنا.

لە خۆڕا نەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێهەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.

قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو. کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشا دەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت. قەت لە خۆی غافڵ نەبوو. زۆری دەخوێندەوە، چاک فێردەبوو بەڵام فەرقی گەورەی ئەو دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کەئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەو فێردەبوو تا لە ژیان و خەباتدا بڕواتە پێش.

بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و فەڕانسەوی و عەرەبی دەخوێندەوە. ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب و هونەر وسینەماو مۆسیقاو فەلسەفە بوو.

هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دونیا و ناوچە و ئێرانی تاقیب دەکردن و پێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزییەوە و باشترین تەفسیری لێ دەکردن و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن.

پێوەندییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی هەبوو. لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانیکوردو ئێرانی و عەرەب و بیانی پێوەندی هەبوو. هەرکەس یەکجار دیتبای دەچووە ژێر تەئسیری.

لە سەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی حیزب کاری دەکرد. باشترین کات و سەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نووسین و قسەکردن و دەرس وتنەوە و پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و دیداری جۆراوجۆری سیاسی و حیزبی و دیپلۆماسی تەرخان دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٢

ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆرسی سیاسی لەکوردستاندا. بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانیخەڵکی کوردستانی ئێران. خوێندکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەرگرن. هەرچەند دوکتور قاسملوو هاوەنسڵی، نەسڵی ئێستای کوردستان نییە، بەڵام ئیدە و پەیام و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێن. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان، لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگوت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەمدایە و کوردستان دابەش کراوە. ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەڕۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بەئێسک و پێستەوە هەست بەو ستەم و بێعەداڵەتییە دەکا کە لەسەر کوردە. هەربۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، نەوەی نوێی کوردستان، مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ و لە جەوهەری پەیامی قاسملوو تێدەگا. بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەو ستەمە بێتە مەیدان کە لەسەریەتی. ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کورد دەبێ بڕواتە کوێ. حەزرەتی مووسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەت دەکا.

قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا. ئەو دەیگوت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووی دونیا. دەیگوت مۆدێلی ئێمە ئورووپایە کە چلەپۆپەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانییە. لووتکەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و تێکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپا هەیە. بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە بڕۆین. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئورووپاوە. دەیگووت ئەودەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ.

ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگی بازاڕ وئابووریی ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت و گاز وئاوە. بۆیە ئەگەر شانسی بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ، زوو دەبێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە بەڵام دەیگوت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردا بێ. ئەو دەیگوت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشکەوتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە.

قاسملوو نێوەرۆکیی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی فۆرمووله کرد، یانی کوردایەتییەک کە لە نێوەڕۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبیگەری. لەو ناسیۆنالیزمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە خاک نیشان دەدا. لەو ناسیۆنالیزمەدا، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکەونە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا، ئامانج گەیشتنە بە مۆدێرنیتە، نەک دژایەتی مۆدێرنیتە. لەو ناسیۆنالیزمەدا، دین لە دەوڵەتو حکوومەت جیایە. یانی پێوەندییە سیاسی و حقوقییەکان سێکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا. زۆر جار دەیگوت حیزبی ئێمە لائیکە. یانی ئێمە نامانهەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین بەڵکوو دەمانهەوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە بە شێوەیەکی سرووشتی چاوەڕوانی لێ دەکرێت. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش و خەبات.

بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیزمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست. ئەو ناسیۆنالیزمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە. ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودییەت و مەسیحییەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست. بەو جۆرە ناسیۆنالیزمی کوردی کردە پاڕامێترێکی جیددی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا.

ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بونیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدۆئۆلۆژیک و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە یانی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردی لەگەڵ دێموکراسی و لیبرالیزم و ئوسوولە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد.

قاسملوو قەت سۆز و رق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەتگوزاری و هەڵوێستی سیاسی. واقعبین بوو. بڕوای بە لاوانی کوردستان هەبوو. تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا تووندتر و بەرزتر لەوە کە هەیە بفڕێ. شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە بۆیەشە لە نێو کوردانەدا هەروا بەرز و بێ هاوتایە. ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت. دەیگوت چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە تێیداین بێینەدەر. دژی ئیمامزادەسازی بوو. بۆ ئەو ئیمامزادەسازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا، یانی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەبارمتەگرتنی داهاتوو بوو. لەحیزبایەتی و سیاسەتکردندا دژی ڕۆحیەی کەربەلایی بوو. لایەنگری عەقڵ وکردەوەی سیاسی هەڵسەنگێنراو بوو. دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو. بۆ ئەو سست عونسۆری و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕۆحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووتی خۆدیتن، گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون. لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو.

پێی وابوو پلۆرالیزم و دیسانترالیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژییەکان ئازاد دەکەن هەر بۆیە دەیگووت ئێران دەبێ دیسانترالیزە و پلۆرالیزە بکرێ. لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی. خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا. لەسیاسەتدا دووربین و ستراتیژیک بوو. لە نووسین و وتار و باسەکانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵە. شعووری بەرزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایە. ئەوە لە وڵاتێکدا کە خەڵک بە هەوا و لەسەر ئەساسی سۆز و عاتیفە کاردەکەن، کارێکی دەگمەنە. ئەو لە بەیان کردنی مەبەستە سیاسییەکانیدا زۆر ڕەوان بوو؛ ئاڵۆزترین مەسەلەکانی بەزمانێکی زۆر سادە دەر دەبڕین. لە سیاسەتدا ئایندەبین بوو. خۆبەزلزان نەبوو.

دیدێکی ئاوالای هەبوو. خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو، بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرەکانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان و تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جیددی وەردەگیرا. زۆریان هێرش کردە سەری بەڵام ئەوە زەرەیەک کاری لێنەکرد و لە خەباتی سارد نەکردەوە. قەتیش شەڕەجنێوی نەکرد. هەمیشە دەیگوت دەبێ ئەدەبیاتی حیزب وەزین و هەڵسەنگێنراوبێ و لە ئەدەبیاتی چالەمەیدانی خۆ دوور بگرین. ئەو قەت حەقیقەت وگۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەیدەویست حیزبی دێموکرات تاقانەبێ بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکرات بەهێز و کاریگەر بێ لە مەیدانەکەدا. ئەوپێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامیهاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ. لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا دوای هەمووان نەزەری خۆی دەردەبڕی و تەنیا هاوئاهەنگی درووست دەکرد. قاسملوو وێڕای ئەوەیکە دەرایزانیاری بوو کەسێکی سەمیمی و گەرمیش بوو. نموونەی بەرزی ڕۆحیاتی بەرزی ئینسانی بوو. بە هەموو بڕواوە بۆ ئەو ئامانجانە کاری دەکرد کە بڕوای پێیان بوو.

پێغەمبەر ئەگەر بڕوای بە پەیامی خۆی نەبێت، ناتوانێ خەڵکیان لە دەورە کۆکاتەوە. ئەو بڕوای بە پەیامیخۆی بوو بۆیەش دەیتوانی خەڵکیان بۆ مۆبیلیزە بکات. ئەو دەیگوت دەبێ لە خەباتدا تەکیە بکەینە سەر ئامانجی درووست و وەسیلەی درووست و پرۆسەی درووست. دەیگووت دەبێ لە جیاتی چەک و پووڵ داوای پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی بکەین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو دەیگووت دەبێ تەکیە بکەینە سەر بیری خەباتگێڕانە و پەروەردە و ریتۆریکی حەقخوازانە و عادڵانە.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە دەبنە کەسایەتی مێژوویی. قاسملوو نەک دوای مەرگی تەنانەت لە سەردەمی ژیانی پڕبەرەکەتیشیدا، بوو بە کەسایەتییەکی مێژوویی.

ئازایەتی لە هەڵوێست گرتندا، بینشی قووڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لەقاسملوودا هەبوون، لە هەمووسیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون. زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ. ئەگەر نەزەراتی ئەو بە هێند گیرابا، ئێران تووشی ئەو سیاچاڵە نەدەبوو کە ئێستا تێیدایە. دوکتور قاسملوو هەم شارەزا و لێهاتوو بوو، هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو. هەمیشە دەیگوت ئێمە بەرپرسین. دەبێ وریای کار و کردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە. لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دێموکراسیدا، جەسوورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی. ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو. ئەو دەیگوت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، تەعەهود و مەسئوولیەتی لەگەڵ نەبێ دەبێتە بۆمبێکی خەتەر. مەسئوولیەت تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون؛ هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کار وکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پرۆسە و ئاکامی دەزانی. دەیگوت ئامانجی بەرز و ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بکرێ. دەنا تووشی شکست دەبێ بۆیە تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵە و پەڵەیەک و کوێرزەینییەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو بەڵام لەگەڵ هەموو ڕووناکبیران جیاوازی هەبوو. قەت ئیدیعای ڕووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەرنەدەهێنا. لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد. بێ نیازبوو، کەسێکی حەماسی بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش. زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕۆحی باوکی لێی ڕازی بن. ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕێیانی دەکێشا. دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەختگیر بووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش ڕاست بوو. ئینزباتێکی سەختی لە سەرخۆی و حیزب و هاوڕێیانی پیادە دەکرد.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆگۆڕینی کۆمەڵ بوو، بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژوویدا تێدەپەڕن بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

داهاتوو بوو. دژی ئەوە بوو سیاسەت، دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکار بێنێ. چونکە دەیگوت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین. ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئوورووپای بە نموونە دەهێنایەوە. فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی.

دانیال میتران دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارامبەخشی ڕۆح بوو. ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوە بنازێ. سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەند دەیەی دوایی نێو بزووتنەوەی کورد تێپەڕی. ئەوەتا سێ دەیە دوای شەهیدبوونیشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە. قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو، بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێفێربوون و مۆتیڤاشونە. پێی وابوو حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری لە بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بەڕێوەبەرێ. بە ڕۆحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد. ڕۆحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و تووندوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا. بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین. بە چاویلکەی ئیدئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین.

ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە. زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست و پێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە. دەبێ بزووتنەوە گەورە و بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ کەسایەتی و هێزێکی دێموکراتیکی کوردستانی وەلانەنرێ. دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاک کەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی ڕۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سووکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو دوور ڕاگرین. دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەی لە سەر شانمانە. دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکی حیزبی. دەبێ بە جەهەتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین.

**بەڵێ دوکتور قاسملوو ئێستاش هەروا سەرمشقی خەبات و سەچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی دیکەی ڕێگای ئازادی کوردستان.**

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، ٧٥٤ - ٦ و ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دوکتۆر قاسملو تێکۆشەری شێلگیری ڕێگای دابینکردنی دێموکراسی،



سیستمی دەوڵەتی ڕەفاە، واتە ئەو لیبراڵ دێموکراسیەی لە ئوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکای شیمالی و ژاپۆندا هەیە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەموو سیستەمە سیاسی و ئابووریەکانی دیکەی دونیا، مۆدێلیکی سەرکەوتوترە. ئێستا با بزانین ئەو سەرکەوتنە بۆچی دەگەڕیتەوە؟

لیبراڵ دێموکراسی بالانسێکی مەعقول لە نێوان ئەو پرنسیپە بنەڕەتیانە دا پێک دێنێ کە لەگەڵ یەکتر لە ململانی دان و لە هەمان کاتیشدا هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، یەک لە یەکی پێویسترن. ئەو پرنسیپە بنەڕەتیانە بریتین لە بەشداری ئازادانە و دێموکراتیکی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی دا، کارابوونی بازار، هەروەها دابین و دەستەبەرکردنی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسەکان و دەستە و تاقم و گروپە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا.

ئەزموونی ئەو چەند دەیەی دوایی لە زۆر شوێنی دونیادا نیشانی داوە، کە دێموکراسی و گەشەسەندنی ئابووری، ئەگەر


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاوتەریب لەگەڵ بردنە پێشی مافەکانی مرۆڤ و تەعەهودی دەوڵەت بۆ دابین ودەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادیانەدا نەڕۆنە پێش، نەک هەر تا ڕادەیەکی زۆر ئەترەکتیڤ بوونی خۆیان لە دەست دەدەن، بەڵکو لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەی گەورەش بەرەو ڕوودەبن.

چەرخی بیستەم ئەو دەرسانەی فێرکردووین کە دێموکراسی هەمیشە لە حکومەتێکی دیکتاتۆری باشترە. لیبراڵ دیموکراسیش هەمیشە لە دێموکراسیەک کە لە سەر بناخەی هەڵبژارنێکی میکانیکی و کێبەرکێی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی دامەزرابێ، باشترە. لەوەش زیاتر ئۆکۆنۆمیەک کە لەسەر بناخەی بازاڕی ئازاد دامەزرابێ، لەو ئۆکۆنۆمیانەی کە بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژراو دەڕۆنە پێش، سەرکەوتووترە. هەروەها دەوڵەتی ڕەفاە باشتر و سەرکەوتوترە لە ئۆکۆنۆمیەک کە تەنیا بە پێی پرنسیپەکانی بازاڕی ئازاد هەڵسووڕێ.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە سیستەمەکە بتوانێ زۆرترین بەختەوەری و خێرو خۆشی و ڕەفاە بۆ ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە خەڵک دەستەبەر بکات. بە واتایەکی دیکە ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتیە سەرکەوتوە کە بتوانێ ئازادی و کامەڕانی و بەختەوەری و ڕەفاە بۆ هەمووان دابین بکات. ئەوەش وەختێک ئیماکانی هەیە کە دەوڵەت بتوانێ هەموو ئەو ماف و ئازادیانە کە لە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراون، دەستەبەربکات.

ئەوە ڕوونە کە لیبراڵ دێموکراسیەکان و ئەو دەوڵەتانەش کە بەدەوڵەتی ڕەفاە ناسراون، نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەو ماف و ئازادیانە بۆ هەموو هاوولاتیان دەستەبەرکەن کە لە پەیماننامە نێونەتەوەیەکانی مافی مرۆڤ دا هاتوون. بەو حاڵەش لە نێو هەموو دەوڵەت و حکومەتەکانی دیکەی دونیادا، ئەوە تەنیا ئەو دەوڵەتانەن کە بردنەپێش و پیادەکردنی ئەو ماف و ئازادیانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و هەوڵدەدەن لە سیاسەت و بەرنامەکانیاندا گرنگیی و بایەخیان پێبدەن. تەنیا لە لیبراڵ دێموکراسیەکاندایە کە بازاڕی ئازاد و دێموکراسی بە پرنسیپە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە و هەوسارکراون. واتە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە چوارچێوە بۆ دێموکراسی و ئۆکۆنۆمی بازاڕی ئازاد. هەر ئەوەشە کە ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی لە چاو ئەوانی دیکە بە نرختر و سەرکەوتوتر کردوە.

ئاخر دێموکراسی ئیدی تەنیا هەر بریتی نیە لە هەندێک پرنسیپ وریساو یاسای تایبەت بە قانوونی ئەساسی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەستەڵاتی سیاسی. دێموکراسی لە پێناسەیەکی هاوچەرخدا، بریتیە لەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەی، کە بە باشترین شێوە تێدەکۆشێ عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزی و هەلومەرجی گەشەسەندنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەخسیەتی ئینسانی مرۆڤەکان، بخولقێنێ. ئەگەر لە بیۆلۆژی و فیزیک و شیمیدا، ئامانجی تەکامول و هەڵدان بریتیە لە تەکاموکی زۆرتر، لە زانستە کۆمەلایەتیەکانیشدا، ئامانجی دێموکراسی برتیە لە دێموکراسیەکی هەرچی زۆرتر، قوڵتر و بەرینتر و دەوڵەمەندتر. واتە سیستەمێک کە ئازادی لە ترس و، ئازادی لە نەبوونی وئیحتیاج، بۆ هەموو ئینسانەکان دەستەبەر دەکات. واتە ئازادی دەداتە تاکەکانی نێوکۆمەڵ و بەوجۆرە دوکتۆر قاسملوو وتەنی شەخسییەت بە ئینسانەکان دەدا.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە لیبراڵ دێموکراسی ئەو سیستەمەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێ و دەستەبەریان دەکات.

سیستەمێک کە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دابین بکات، ئەوە ئەوسیستەمەیە کە ئینسانەکان بە هێزدەکات و کەسایەتی و شەخسییەتیان پێدەبەخشێ و بەوجۆرە باشترین میکانیزم وهەلومەرجیان بۆ پێکدێنێ تا بتوانن ئازادانە و بە شێوەیەکی وشیار و کاریگەر، بەشداری لە پرۆسەی سیاسی دا بکەن. ئەوە لە باری سیاسیەوە.

هەر ئەو سیستەمە زۆر بە جدیش تێدەکۆشێ پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەربکات و دەرفەت و شانسی وەک یەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی پەرەسەندنی ئابووری بۆ هاووڵاتیان پێک بێنێ. بەڵام ئەو دەستەو تاقم و کەس و گرووپانەی کە بەهۆکاری جۆراوجۆری مەوزوعی و مەحکەمە پەسند، ناتوانن لە گەڵ ئەوانی دیکە لە بازاردا کێبەڕکێ بکەن و لەو دەرفەت و شانسانە کەڵک وەرگرن کە لە ئارادان ، ئەوە کۆمەڵ بەرپرسایەتی دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەڕانی و خێروخۆشی بۆ ئەوان وە ئەستۆی خۆی دەگرێ. بەوجۆرە لەو سیستەمەدا ئینسانەکان لە لایەک ئازادن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و هەڵاواردن و ئیستبدا و سەرەڕۆیی سیاسی و لە لایەکی دیکەشەوە ئازادن لە ئیحتیاج و نەبوونی و فەقر و دەست تەنگی.

کاتێک شەهیدی نەمر دوکتۆر قاسملوو مەسەلەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو تەشکیلاتی حیزب، پاش پەسندکرانی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، چوومە خزمەتی و پێم گوت ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکمان لە کۆنگرەدا پەسند کردوە، واباشە تیئۆریزەشی بکەین بۆ ئەوەی ئێمە کادرەکانی حیزب بتوانین باشتر بیبەینە نێو خەڵک. لە بیرم دێ پێی گوتم تیئوریزەکردنی ناوێ. مەسەلەکە زۆر سادەیە. عەداڵەتت دەوێ یانا؟ ئازادیت دەوێ یان نا؟ سۆسالیزمی دێموکراتیک تێکەڵاوێکە لەو دوانە. سیتەمێکە کە بتوانێ هەردووکی ئەو دوو ئامانجانە وەدی بێنێ.

لە سەرتاسەری مێژوودا ئازادی و عەداڵەت ئەو دوو ئامانجە گەورەن کە هەمیشە ئینسان لە پێناویاندا خەباتی کردوە. بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەدان هەزار تێکۆشەر و بگرە بە ملیۆنان کەس لە پێناوی ئازادی و عەداڵەتدا، گیانی خۆیان بەخت کردوە. ئیدێ ئەمڕۆ ئازادی و عەداڵەت تەنیا هەر وەک ئامانج بە حیساب نایەن، بەڵکوو وەسیلەی دابین کردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەتن بۆ ئینسانەکان و کۆمەڵگا ئینسانیەکان.

لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە عیززەت و کەرامەت و ئازاد لە ترس و ئازاد لە فەقر لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ دا پێناسەدەکەن. بۆیە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ باشترین زمانی سیاسی و خابات گێرانەی هاوبەشمان دەدەنێ بۆ تێکۆشان لە پێناو ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا.


لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، کە هەموو گەلان و هەموو ئینسانەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چ لە ئاستی میللی و نیشتیمانی دا و چ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، تێکۆشن سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دامەزرێنن، کە لەویدا هەموو ئەو ماف و ئازادیانە کە لەوبەیاننامەدا هاتوون، پیادەکرابن. بۆیە خەبات لە پیناوی دێموکراسیدا ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستانە. لە سێستەمێکی دێموکراتیکدا کورد هەم ستەم و سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و میللی لەسەر لادەچێ و هەم دەرفەتی لەباریشی بۆ پێکدێ تا بەکەڵک وەرگرتنی ئازادانە لە سامانە سروشتی و ئینسانیەکانی کوردستان و ناوچە، ڕێگای پەرەسەندنی ئابووری خۆی بدۆزێتەوە و، بەوجۆرە کوردستان ببێتە ئۆکۆنۆمیەکی گەورەو بازاڕیکی بەرین بۆ ئاڵوگۆڕێ کالاو هێزی کار و خیروبێرەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری و تکنۆلۆژی. بۆیە خەبات لە پێناوی دێموکراسی دا پێویستە سەرلەوحەی کارو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی خاباتگێرانی کوردستان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سیهەمین ساڵیادی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو

## خاباتگێڕی رێگای ئازادی و دێموکراسی



رۆژی ١٣ی یولی ساڵی ١٩٨٩ی زاینی، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، رێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەگەڵ عەبدووڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوورووپا، لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، کەوتنە بەرپەلامارێکی تیرۆریستی و شەهید کران.

ئەو تیرۆرە لە کاتێکدا روویدا کە نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ "دیپلۆمات" ە نێردراوەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، لە پێناو دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بۆ کێشەی کورد لە ئێران، لەڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش، لە حاڵی وتووێژ دابوون.

تیرۆریستەکان، بۆ شوێنە ونکەی پیلانەکەیان، تەنانەت دەستیان لە کوشتنی کەسی خانەخوێش واتە دوکتۆر فازیل رەسوڵ، کە کوردێکی عیراقی و رێکخەری کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو لای وتووێژەکە بوو، نەپاراست.

قاتڵەکان پاش ئەوتاوانە گەورە، لە کاتێکدا لە ژێر چەتری حیفازەت و مەسونیەتی دیپلۆماتیک دابوون، بێ هیچ جۆرە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێپرسینەوە و دادگای کردنێک، لەلایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی دەوڵەتی ئوتریشەوە، ئیسکۆرتکران و ڕەوانەی تاران کرانەوە.

تیرۆری ڤەیەن لە لایەن گروپێکی تیرۆریستەوە کەسەر بە ڕایەڵکەیەکی گەورەتری سەرکوت و تیرۆر، واتە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، جی بە جێ کرا. دەزگایەک کە هەر لە بنەڕەتڕا بۆ لەنێوبردن و کوشتنی موخالیفانی ڕێژیم و بردنەپێشی ئامانجە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەو دونیادا سازمان درابوو و، تا ئەودەم لە نێوخۆی وڵات و ئورووپاو شوێنەجۆراوجۆرەکانی دیکەی دونیادا، دەستی بە خوێنی سەدان کەس لە ڕەخنەگران، چالاکانی مەدەنی و سیاسی و خەباتگێرانی نێورپزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی تاران، سووربوو.

کوشتن و تیرۆرێ دوکتۆر قاسملوو یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو ڕایەڵکە تیرۆریستیەی حکومەتی تاران بوو. چوونکە ئەو لە لایەک ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و جەماوەریی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بوو، لە لایەکی دیکەشەوە خۆی و حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕیزی هەرەپێشەوەی ئەو هێزە سیاسیانەدابوون کە هەر زوو ماهیەتی دواکەوتوانەو مەترسیەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان بۆسەر ژیانی گەلانی ئێران و ئاشتی و سەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا، بۆ بیروڕای گشتی، ئاشکراکردبوو.

هەموو لایەک دەزانن کە هەرلەسەرەتای سەڵەکانی ١٩٨٠ی زایینیەوە، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر بە ڕوونی دژایەتی خۆی لە گەڵ دامەزراندنی هەر چەشنە سیستەمێکی سیاسی لە ئێراندا، لە سەر بناخەی لێکدانەوەیەکی دەمارگرژانە لە دین، واتە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

ئەوە بوو بە سەرەتایەک بۆ هێرش و پەلاماری ئاخوندە بەدەستەڵات گەیشتوەکانی تاران تا بە هەموو جۆرێک دژایەتی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکەمان بکەن و بە ئاگرو ئاسن و گرتن و کوشتن و زیندان و ئەشکنجە و ڕاونان، وەڵامی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان بدەنەوە.

لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بوو، کەئاخوندەکان ،ڕۆژی ١٨ی ئۆگەستی ساڵی ١٩٨٠ ی زاینی، جیهاد واتە شەڕی موقەدەسیان بەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و تیکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان قەدەغەکرد. بەوجۆرە بەدەیان هەزار سەرباز و پاسداریان بۆ کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و یەک لەوان دوکتۆر قاسملوو ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کرد.

شایانی باسە دوکتۆر سادق شەرەفکەندیش، کە پاش شەهیدبوونی قاسملوو، وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، دواتر لە بێرلین، لەساڵی ١٩٩٣ی زایینی، لە کاتی بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستدا، هەر بەفەرمان و پیلانی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کوژرا.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەرەتاییترین مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی خۆی وەک مافی خوێندن بەزمانی کوردی، مافی بەشداری سیاسی لە کاروباری وڵات و ناوچە کوردنشینەکان و ژیان لە ئازادی و ئاشتیدا بێ بەشە. هەر بۆیە شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەدستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی و دابین و دەستەبەرکردنی مافە سیاسیەکانی خۆی لە ئێرانی فرەکولتور و فرە ئێتنیکدا، ساڵانێکی زۆرە خەبات دەکات. ئامانجی ئەو خەباتە بریتیە لە دامەزراندنی ئێرانێکی فیدڕاڵ لەسەر بناخەی نۆرمە دێموکراتیک و سکۆلارەکان و پرنسیپە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، کە لەوێدا ماف وئازادیە کانی تاکەکەس و کەمایەتیە نەتەوەیی ، فەرهەنگی، زمانی و مەزهەبی و جنسیەکان بێ هیچ چەشنە جیاوازیدانانێکی سیاسی و مەزهەبی دابین کرابن. سیستەمیک کە لەهەمانکاتدا ڕێز لە یاسا و قانوونە نێونەتەوەیەکان بگرێ و بە شێوەیەکی هارمۆنیک لە گەڵ دونیای دەوروبەری خۆی هەڵسوکەوت بکات . لەو خەباتەدا کە ئێستاش هەروا درێژەی هەیە کوردەکان پێویستیان بە یارمەتی و پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی و هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی هەیە.

وەک دەزانین کە ئەمڕۆ کێشەی کورد بۆتە یەکێک لە مەسەلە هەرە ئەکتووێلەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کوردەکان لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بوونەتە پاڕامیترێکی سیاسی جدی و شوێن دانەر، لەسەر وەزعی سیاسی ناوچەکە و بێ بەشداری وەبەرچاوگرتنی ئەوان سیاسەت لە و وڵاتانە و لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، تووشی بنبەست دەبێت. ئەوە لە ئێرانیشدا هەر ڕاستە.

**لە سیهەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا، وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتۆر قاسملووی نەمرو وەفاداری نیشاندانەوە بەو ئامانجانەی کە ئەو گیانی خۆی لەپیناویاندا بەختکرد، بەجێ یە پێکەوە داوا بکەین کە:**

- دەوڵەتی ئوتریش ڕێگا بدات کە عەدالەت جێبەجێ بکرێ و قاتڵەکان و ئەوانەی فەرمانی ئەو قەتڵە سیاسیەیان سادرکردوە، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، موحاکەمە بکرێن.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

• کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی، یەکیەتی ئوورروپا و بیروڕای گشتیی لە خەباتی کوردەکان بۆ ئازادی و دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پشتیوانی بکەن.

• پێش لە پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە گشتی و لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، بگیردرێ.

• کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ریگانەدا مەسەلەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا بەگشتی و لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، بکرێتە قوربانی ساتوسەودای سیاسی و ئابووری و بازرگانی لە گەڵ ریژیمی تاران.

• یەکیتی ئورروپا بەگشتی و دام و دەزگا سیاسی و دیپلۆماسیەکانی، لە هەموو تواناو ئیعتباری خۆیان بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە ناوچەکە و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا، کەڵکوەرگرن.

• لەو وەزعە تازەدا کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە گۆڕێ، فاکتۆری کورد وەک عامیلێکی گرنگی بردنەپێشی دێموکراسی و ئاشتی ببینرێ و هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێ.


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تیپۆلۆژی دکتور قاسملوو لەحیزبایەتی، کوردایەتی و خەبات و سیاسەتدا



### بەشی یەکەم

من تێدەکۆشم قاسملوو لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی خۆمەوە بخەمە بەر باس . بەوحاڵەش ئەوەش بۆخۆی کارێکی گرانە. چوونکە دوکتور قاسملوو کەسایەتیەکی هەموو لایەنەی کامڵی هەبوو.

دارێک بوو لقوپۆپی جۆراوجۆری لێدەبوونەوە. ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ڕێبەرێکی بەتوانای بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک بوو، سەرکردەی حەرەکەتی چەکدارانەی میللەتی خۆی بوو، کەسایەتیەکی سیاسی ناوچەیی و ئێرانی و کوردستانی وتەنانەت جیهانیش بوو، مامۆستای زانکۆ بوو، دیپلۆمات بوو، ڕووناکبیر بوو، ئینتلێکتوڵ بوو، ئەدیب و نوسەر و زمانزان بوو، مێژوو زان و مێژوو نووس بوو، پێشمەرگەبوو، خەباتکاربوو، شارەزای کاروباری فەرهەنگی و هونەر و ئەدەبیات بوو، سەرەڕای هەمووی ئەوانە لە نێو بزووتنەوەی کورد و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستاندا ئیدەئۆلۆگ بوو.

بۆیە باسکردن لەسەر ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لەتوانای من دانیە. وەک ئەوە وایە منداڵێک کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تازە پێی هەڵگرتووە بیەوێ بەسەرکێوێکی گەورەدا سەرکەوێ کە کارێکی غەیرە مومکینە. لەوەتەی وەبیرم دێ لەریزەکانی ئەو حیزبەدام. ئەو شەوەم لەبیرە کە دەلاوان یانی گوندەکەی خۆمانمان بۆ ئاخر جار بە جێهێشت و کۆمەڵێک پێشمەرگە شەو لە گەڵ باوکم هاتن و ئێمەیان هەڵگرت و بەیانی کە تازە گزنگی دابوو لە کوێستانی کانیەخوای ئاگرمان بە گوێنیان کردەوە. دواتر چوینە زینوێ و خەلان و دۆلی باڵەکایەتی. دەبێ من ئەودەم شەش ساڵانە بووبم.

لەوێ لە زێنوێ و خەلانێ بۆ یەکەم جار شەهید ئەحمەد تۆفیقم دیت، ژمارەیەک لە ئاغاوەتەکانی ناوچەی پیرانشار وەک دژکردەوە بەرانبەر بە ئیسلاحاتی ئەرزی شا هەلاتبوون.

کاک ئەحمەد قسەی بۆ دەکردن و من لە گەڵ باوکم چووبوومە بنکەی پێشمەرگەکان ئەو ڕۆژەم لە بیرماوە. من لە گەڵ باوکم دەچوومە مقەرەکانی پێشمەرگە و هەزاران وێنەی ئەوڕۆژانە و رۆژانی دواتری ئەو قۆناخەم لە ئەلبوومی بیری تیژی منداڵیم دا هەرماون. دواتریش شێنێ و سونێ و سەنگەسەر و هیران و نازەنین و کۆیە و سلێمانی و دیسان سەنگەسەر و بناری قەندیل تا دەستپێکردنی شوڕشی گەلانی ئێران و دیسان دەورەیەکی دیکە لەو خەباتە.

ئەودەم ئەوەی ئەمن لە بیرمە حیزب بریتی بوو کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە کە بە هەموو وجودیانەوە و بە ئیمکانات و تەنانەت چەک و فیشەکی خۆشیانەوە لە خزمەت شۆڕشی کوردستانی عێراق دابوون. تەشکیلاتی حیزبیش لە نێوخۆ لە باری ئیمکاناتی مادیەوە تەداروکاتی دەکرد. ناوی مەلا قادر لاچینی، کاک ئارەحمانی قەرەقشلاخێ، مام سوارە سەکر، کاک حاسل و مراد رەسوی لەیلانی و مونتەقیمی قازی و دەیان کەسی دیکەم لەبیرە کە دەچوونەوە نێوخۆ و دەهاتنەوە و سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد.

تامی ئەو شیرینیانەم هەر لە دەمدا ماوە کە کاک مونتەقیمی قازی لە سابلاخ هەموو جارێ بۆی دەهێنام. لە سەرتاسەری دەزگاکانی شۆڕشدا پێشمەرگەکانی حیزب کار و زەحمەتیان دەکێشا و قارەمانەتیان لە شەڕەکاندا لە خۆیان نیشاندەدا. شەڕەکانی زۆزگ و هەندرێن و کێوەڕەش و دەربەند و سەفین و ناوچەکانی باڵەکایەتی و پشدەر و بیتوێن بە شاهیدی خەڵکی ئەو ناوچانە مەیدانی قارەمانیەتی پێشمەرگەکانی حیزبوون بەرامبەر بە پەلاماری سوپای عێراق. لە ئیدارەکردنی دەزگاکانی شۆڕشیشدا نەخشی بەرچاویان هەبوو. بۆ نموونە لە ئیدارە کردنی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچە ئازادکراوەکانیش بەشداربوون. لە بیرمە ماڵی ئێمە لە شێنێ لە پەنای ماڵی حاکم عەلۆ بوو کە حاکمی شۆڕش بوو. یانی حیزب مەوقعیەت و سترەکتور و هەیکەل و بنکەو بنیاتێکی سەربەخۆی نەبوو و لە ڕاستیدا بەشێک بوو لە هەیکەلی شۆڕش و ژێرمەجموعەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش یانی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق . هەرچی یارمەتی و ئیمکاناتی مادیش لە نێوخۆوە کۆدەکراوە، دەدرایە سەرکردایەتی شۆرش بۆ تەداروکاتی شۆڕش. وەک ئەوەی کاری تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ تەداروکی شۆڕشی ئەوبەشەی کوردستان بێت. بەوحاڵەش قازانجەکانی سەرکردایەتی شۆڕش وای دەخواست کە ئەوان تەنانەت هەر ناویشیان لێ نەمێنێ چ دەگا بە خەبات و بەربەرکانی.

کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوخۆیی وگیر و گرفتەکان لەکوردستانی عێراق و پیلانەکانی ساواک، هەموو ئەوانە هەلوومەرجێکیان پێک هێنابوو کە ئاستی تێکۆشانی حیزب تەنانەت لە خوار سفرەوەش بوو. ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو یا لە نێوخۆ لە زیندان دابوو، یا لە کوردستانی گەرمێن پەرەوازە و بێ رێبەری وبێ ئیمکانات و لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە و مەجالی کاری سیاسی و حیزبی لێ زەوت کرابوو. بەشێکی بەرچاو لە کادرەکانی حیزب یا لە بزووتنەوەی ٤٦ و ٤٧ دا لە نێو چووبوون یا لە کوردستانی عێراقیش لە ژێر تاقیب دابوون و پرش وبلاوببوون.

ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا قاسملوو وەک خدری زیندە هاتە مەیدان و بوو بە عیسای حیزبی دێموکرات. وەک کێو لە بەرامبەر هەموو سەختیەکاندا ڕاوەستا و حیزبی زیندووکردەوە و لە نەبوونەوە جارێکی دیکە گیان و نەفەسی وەبەر پەیکەرەی حیزب خستەوە و لە ڕاستیدا حیزبی سەرلەنوێ خستەوە سەر ڕێ.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە. سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب دارشتەوە، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی دەرکردوە، تێکۆشەر نامیلکەی نێوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دەرکردەوە، چەندین دەورەی تەربیەتی کادری بۆ کادرەکان وەرێخستن، پێوەندیەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر و حیزب و رێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان رێکخستەوە. لە ڕاستیدا حیزبی درووست کردوە.

قەوارە و کەسایەتی و هەیکەل و هەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە. تێکۆشەرانی پەرش و بڵاوی حیزبی لێرە و لەوێ کۆکردەوە و وەرەی کار و خەباتی پیدانەوە. بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە و لایەنە کوردستانیەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆی حیزبەوە وەردا.

هۆی ئەسڵی بۆ ئەوەکە کە پاشگری ئێرانی بە ناوی حیزبەوە زیاد کرد ئەوە بوو کە سنورێکی تایبەتی بکێشێتەوە لە باری تەشکیلاتیەوە بۆ ئەوەی چوار چێوەی دەستەڵاتی تەشکیلاتی و مەیدانی کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دیاری بکات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێ لە دەستێوەردانی لایەنەکانی دیکە لە کاروباری نێوخۆی حیزب بگرێ. هەر واشی کرد و لەو کارەدا سەریش کەوت.

رووناکبیر و ڕەخنەگری بەناوبانگی کورد ماموستا حەمەی مەلاکەریم دەڵی ئەگەر هێمن هەر بە تەنیا قەسیدەی ئێوارەی پایزی نوسیبا، بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو شوێنە گەورەی هەبێ کە ئەمرۆ لە شیعری کوردیدا هەیەتی. منیش پێم وایە خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئیران هەر لەو قۆناخەدا کە باسم کرد، بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.

نەخشی دوکتور قاسملوو لە تەیار کردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان سازماندانی خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیش، نەخشێکی درەخشانی حاشا هەڵنەگرە.

من هەر لە نێو حیزب دابووم بەڵام کە داوای ئەندامەتی حیزبم کرد لە سلێمانی قوتابی دەورانی دەبیرستان بووم و هەوەڵین بەرپرسی حیزبیم کاک کەریم حەدادی تێکۆشەر بوو، مانگی جارێ کۆبوونەوەمان دەبوو. لەو دەورەیەدا بوو بۆ یەکەم جار بە خزمەت ماموستای تێکۆشەر کاک هاشمی کەریمی گەیشتم. هاوینانیش کە سەردانی بنکەی حیزبم لە بەغدا دەکرد، شانازی ئەوەم بە نسیب دەبوو کە بەشیک لە کادرەکانی ڕێبەری حیزب ببینم.

وەک مۆماستا حەسەنی شیوەسەڵی و کەسانی دیکە.بۆمن هەمیشە شانازی بوو کە بە خزمەت ماموستا هێمن دەگەیشتم. بەڵام قەت ئەو دەرفەتە هەڵنەکەوت کاک دوکتور ببینم تا ئەوکاتە کە ڕێبەری حیزب بڕیاری گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات دا و دوکتور قاسملوو، تا موقەدەماتی سەفەرەکەی ئامادەبوو، لەسەنگەسەر ماوەیەک لە ماڵی ئێمە بە نهێنی مایەوە. ئێمە ئەودەم پێمان دەگووت مام شەریف .

کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە کە پێوەندیەکی بەرینی تەشکیلاتی لە گەڵ نێوخۆ هەبوو مەسئولی حەڕەکەتی کاک دوکتور بوو بۆ نێوخۆ. شایانی باسە ئەودەم سەردەمی قەلع وقەمعکردنی تەشکیلاتی حیزبی شوعی عێراقیش بوو لە لایەن حکومەتەوە. بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی شیوعی عێراقیش هەر بە ماشێنەکەی حیزب لە بەغداوە دەگەیەنرانە سەنگەسەر و دواتر بە هاوکاری ئەندامانی حیزب لەو بنارە نەجات دەدران. من کە کوردستان و کوردی دوکتور قاسملووم خوێند بۆوە شانازیم دەکرد کە ئێستا لە نزیکەوە لە خزمەت خۆی دام و مەجالی ئەوەم هەیە شتی لێ پرسم. لەبیرمە لێی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پرسیم چ خاتراتێکم لە باوکی شەهیدم لەبیرە. ئەو ماوەیە کە کاک دوکتور لە سەنگەسەر مایەوە بارانێکی زۆر دەباری.

پاش ماوەیەک لە کاک سەید رەسووڵ دەپرسێ کە هۆی مانەوەمان هێندە لێرە چیە. کاک سەید دەڵێ بارانێکی زۆر دەبارێ و رێگای قەندیل نە بۆتەوە و چەندجار کەسانی برواپێکراومان ناردوون ئیمکانی ئەوەنیە ئەسپ دەرچێ و سلامەتی تۆ و دەربازبوونی تۆ بۆئێمە مەسەلەی ئەسڵیە و بۆیە چاوەڕوان ماوینەوە تا هەوا خۆش دەبێت. جیا لەوەش قەرارە هەندێک چەکوچۆلمان بۆ بێ و بە دەستی خاڵی ناتوانین دەو ڕێیە کەوین.

لە وەڵامی کاک سەید رەسووڵ و مامم دا دەڵێ خەڵک لە شەقامەکانی تاران سنگیان دەکەنە قەڵغان و ئیمە دەبێ هەرچی زووتر لە مەیدانی رووداوەکان بین دەنا تەئسیرمان نابێ و دواکەوتنی ئێمە و بەوەخت لە مەیدان دانەبوونمان ئاکامی زۆر خراپی بۆ مەوقعیەتی حیزب دەبێ. ئێمە شۆرش دەکەین و دەڕۆین لە هەرکوێ نەمان توانی بڕۆین دەمێنینەوە تا دیسان دەتوانین بکەوینەوە رێ.

ئەودەم حیزب هیچ چەکوچۆلێکی نەبوو. سێ کلاشینکۆف لە لایەن یەکیەتی نیشتیمانیەوە درابوونە حیزب کە لە بیرم دێ دەبوایە بە بەلەم لە گوندەکانی دەوروبەری سەدی دووکان بپەڕێنرینەوە و بگەیەنرێنە سەنگەسەر. ئەوە هەموو ئیمکاناتی حیزب بوو بۆ دەست بە خەبات کردن. لە بیرم دێ دۆستانی حیزب لە گوندی بەلکی ناوچەی سەنگەسەر ئەودەم و لەو بارەوە یارمەتی و هاوکاریەکی گەورەی سەرخستنی ئەو حەرەکەتەیان کرد. یانی یارمەتی دان بە دەربازکردنی کاک دوکتور. چونکە کاک دوکتور بە نهێنی لە بەغداوە هاتبوو و دەبوایە بە نهێنیش دەرباز بێ.

هەوەڵین پێشمەرگەی حیزب لەو قۆناخەدا مامی شەهیدم کاک قادرلاجانی بوو کە لەگەڵ کاک دوکتور گەڕایەوە. کاک دوکتور لە کورتەباسێک لەسەر مێژووی رێبەرایەتی حیزبدا باسی ئەو حەرەکەتە دەکا. ئەو گەڕانەوەی کاک دوکتور لەو هەلومەرجەدا و چوونەوەی ناوخۆی ولات و سازماندانەوەی رێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ بە مەوقع ولەکاتی خۆیدا، بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەو هەموو سەرکوت و زەبر و زەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لەسەر تەشکیلاتەکەی هەبوو،جارێکی تریش هەستێتەوە و ببێتە هێزی سەرەکی لە کوردستانی ئێران و ڕۆڵی شیاوی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.

من بایەخی مێژوویی ئەو گەڕانەوەی بە وەختی دوکتور قاسملوو وەک گەڕانەوە مێژوویەکەی لێنین لە ئاپریلی ۱۹۱۷ و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەئسیری ئەو حەرەکەتە لە سەر هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبینم. ئەگەر ئەو حەرەکەتەی لینین شوێنەواری چارەنوس سازی لەسەر هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوو، حەرەکەتی مێژوویی دوکتور قاسملووش بەووەخت و لەکاتی پێویستدا، بوو بە هۆی ئەوە کە زوو حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا رێکخراوەکانی زیندووکاتەوە و ئامادەیی ئەوە پەیدا بکا لەسەر وەزعی سیاسی شوێن دانێ.

بەو جۆرە ئەو گەڕانەوە مێژووییەی دوکتور قاسملوو، بوو بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەماندا. ئیدی ئاستی فەعالیەت و تێکۆشانی حیزب و مەیدانی کار و چالاکییەکانی هێندە بەرین بۆوە کە هەر زوو بوو بە هێزی یەکەمی گۆڕەپانەکە. بۆیە لەراستیدا ئەو حیزبی دێموکڕاتەی ئەو نەسلەی دوای ئینقلاب دیتوویەتی، بەرهەمی دەستی قاسملووی نەمرە و قاسملوو موهەندیسیەکەی کردوە.

من بە خاتری درێژەدانی مەدرەسەکەم مابوومەوە و نە گەڕابوومەوە. قەت ئەو رۆژەم لەبیر ناچێ لە رادیۆ تاران گوێم لێ بوو کاک دوکتور وەک سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران سەردانی ئیمام خومەینی کرد. من لە ماڵی کاک جەماڵی هیرانی لە ڕانیە میوان بووم. ماڵیان لە لای قولەی رانیەبوو. لە گەڵ کاک کاوە کوڕی کاک جەماڵ رەفیق بووم و ئەوان لە مێژبوو دۆستی حیزب بوون. دواتر کاک کاوە بوو بە پێشمەرگە و شەهیدبوو. کۆلێژی ئیدارە و ئیقتسادی تەواوکرد و چووە نێو شۆڕش بەڵام زوو شەهیدبوو. ئەو بنەماڵە شیوعی بوون و زۆریش دۆستی ئێمەبوون. کە گوێم لەو خەبەرە بوو چاوم پڕبوون لە فرمێسک و بەسەر ڕوومەتی کز و مەلوولم دا هاتنە خوار.

دایکی کاک کاوە و کاک کاوە و خوناوی جوانەمەرگ ڕوویان تێکردم کە ئەوە چیە بۆ دەگری؟ چ بووە؟ وتم گوێتان لێیە کاک دوکتور قاسملوو سەردانی خومەینی کردووە وچۆتە تاران. ئاخر خومەینی ئەودەم کەسێک بوو کە خەڵک وێنەکەیان لە مانگیشدا دەدیت. ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو. بەڵام قەت وەک من لەو ڕووداوە حاڵی نەدەبوون. بۆمن ئەو فرمێسکانە، فرمێسکی شادی و سەرکەوتن بوون. فرمێسکی وەدی هاتنی خەونە کانی دەورانی لاوی و مێرمنداڵیم بوو. تەنیا کەسێک دەیتوانی لەو فرمێسکانە بگا کە غەریبایەتی و تەحقیری دیتبێ.

بۆ من حیزبی دێموکرات شتێک بوو تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵی خۆمان و خاترەکانی دەورانی منداڵیم لە باوکم، کاک پاپیر شکاک، کاک ئەحمەد تۆفیق، کا عەبدوڵڵا و کاک سولەیمانی موعینی، کاک سمایل شەریفزادە و دەیان تێکۆشەری حیزب و وێنەیەکی پێشەوا و کۆبوونەوەی ئێوارانی چەن کەس لە ئەندامانی حیزبی کە لە کارگەری دەهاتنەوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەوانە لە ماڵی یەکتر کۆدەبوونەوە و باسی ڕابردوویان دەکرد. کە بە داخەوە دواتریش کە گەڕاینەوە بە نیشانەی تەحقیر پێ یان دەگوتن دەرچوانی دانشگای قەڵادزێ، ڕەنگە ئەوجاریش کە گەراینەوە پێمان بلێن دەرچوانی دەشتی کۆیە، وەک کاک مەلا محەممەدی عەبباسی، شەهید محەممەد بێژوەیی، عەبدوڵڵا لاجانی و کاک سمایلی حاجی و هتد لەسەنگەسەر.

من کە هەموو عومرم حیزبی دێموکراتم لە هەلومەرجی کاری نهێنیدا دیتبوو تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش، بۆمن کە ڕاوڕاوێنی کاربەدەستانی شۆڕشم بە تێکۆشەرانی حیزب بە چاوی خۆم دیتبوو، بۆمن کە لەسەر بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان، ئەویش گەیاندنی بە چەند کەس لە ڕووناکبیرانی کورد لە سەنگەسەر، دیتبووم کە چۆن مامم لە بەرچاوی من بەر شەق درا، ئەو خەبەرە خەبەری کۆتایی هاتنی ئەو دەورانە بوو. ناحەق نەبووم کە لە خۆشیان بگریم.

ئێستا دەمدی کاک دوکتور لەو ئاستەدا سیاسەت دەکا و حیزبی دێموکڕات ئاوا لە چڵە پۆپەدایە. یەکەم جاربوو ناوی حیزبی دێموکڕات لە رادوییەک ببیستم. خۆزگەم بەو ڕۆژە، بریا هەر ئەودەم لە خۆشیان گیانم دەرچووبا. ئەو فرمێسکانە ئاکامی تەزوویی زیندووبونەوە و گەرانەوەی غروور حیزبی و سیاسیم بوون. ئاخر ئەمن دەزانم چ پەت پەتێنیکما پێ دەکرا.

بەو جۆرە دەتوانین بڵێین لەو قۆناخەشدا ئەوە قاسملوو بوو، بوو بە ماتۆری وەگەر خستنەوەی حیزب لە نێوخۆ. ئەوە ئەوبوو بەناخودای کەشتی حیزب وبزووتنەوەی کورد لەو قۆناخە دژوارەدا.

دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پڕکار و بەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کرد. ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار و مەزن و بلیمەتەکانی ڕۆژگاری خۆی بوو. ڕۆڵی ناوبراو هێندە گەورەیە کە ئێستا مێژوو نوسان ، مێژووی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک دابەش دەکەن کە بۆخۆی گرنگیی ڕۆڵی قاسملوو لەو مێژوەدا دەردەخا. دەورانی کۆمار، دەورانی دوای کۆمار، دەورانی پێش قاسملوو، دەورانی دوای قاسملوو. ئەو جۆرە دابەشکردنە ئەکادیمیکیە ڕۆڵی قاسملوو بە ڕوونی لەو خەبات و بەربەرەکانیەدا ڕوون دەکاتەوە.

لەوەش زیاتر مێژوو نوسان و لێکۆڵەرەوەکان، باس لە شوێنەواری فەرهەنگ و کولتور و سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی قاسملوو لە سەر حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد دەکەن. ئەوان پێ یان وایە ئەوە کە حیزب ئێستان ئاوا دەرواتە پێش و لە ئیدامەکاری نەوەستاوە ، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور و سترەکتور و سازماندەهیەیە کە قاسملوو بۆ


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حیزبی دارشتوە. دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین. لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ. لۆکۆمۆتیڤ هەمیشە لە پێشەوەیە، بە هێزو پڕ قودرەتە و خێراشە واتە بە سورعەتە. لۆکۆمۆتیڤ هەمیشە بە سورعەتێکی زۆرەوە واگۆنەکان بە دوای خۆیدا دەکیشێ.

جاری وایە لە ڕێلیش دەردەچێ بەڵام هەر هەڵدەسورێ. دوکتور قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب و بزووتنەوەدا هەیە. ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆروە هەروا دەمانباتە پێش. ئێستاش هەروا هێزی لۆکۆمۆتیڤی سیاسەت وپرنسیپە کانی قاسملوویە کە بەسەر حیزبەوە ماوە و دەیباتە پێش. لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبی تێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش ٢٣ ساڵ لە شەهیدبوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب و بووتنەوە تەزریق دەکا. ئەوش بۆخۆی لایەنێکی دیکەی گەورەی و دەوری ئەو لە بزووتنەوەیەدا دەردەخا.

ئەستێرەیەکە لەو شەوە زەنگەدا، دەدرەوشێتەوە و بە بیرو ئەندیشەی سیاسی وخەباتگێڕانەی ڕێمان نیشان دەداو بۆلای خۆی ڕامان دەکێشێ. بیری سیاسی قاسملوو وەک ڤیزشن بەرەو لای خۆی کار و خەباتمان هیدایەت دەکا. بیری سیاسی قاسملوو ئیستا بۆتە پێناسەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر، کوردپەروەر و کوردستان پەروەربوو. ئەو کەسایەتیەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، هەویەتی جۆراوجۆری هەبوون. بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی و هەستەی ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو. هەموو هەویەتەکانی دیکەی بۆ بەهێزکردنی هەویەتی کوردستانیەکەی و جێبەجێکردنی ئەو ریسالەتە کە کەوتبوە سەر شانی کە ئازادی کوردستان بوو، بە کار دەهێنان. کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆشدەویست.

بە عیشقەوە تەماشای دەرودیمەنی کوردستانی دەکرد و خوایە وەتەن ئاواکەی لەبەر خۆیەوە دەگوت. دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک و لە هەر کوێ ڕێبەران و کەسانی سیاسی دیکە دەبینم و باسی کێشەی کورد دەکەم، هەست دەکەم کە بە ڕێزو حورمەتەوە وەرم دەگرن. بۆیە هەمیشە شانازی دەکەم کە ڕۆڵەی کوردستانم و بە ناوی کوردەوە قسەدەکەم. یەکێک لەو دەرسانەی نەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت لە راستیدا ئەو نیشتیمانپەروەربوون و کوردپەروەربوونەیە...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشی دووهەم

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆرمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد، ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو. وتەبێژێکی لێوەشاوەی نەتەوەی کوردبوو لە ئاستی دونیادا. بە چەند زمان لە گەڵ دونیای دەرەوە و ڕۆژنامەکان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە قسەی دەکرد و مەسەلەی کوردی بەیان دەکرد. هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کوردا، لە سەرەتاکانی کاردا، نەخشی بنەڕەتی هەبووە. خزمەتی قاسملوو لەوبوارەشدا وناو و ناوبانگی قاسملوو لەو مەیدانەشدا هەتا هەتایە دەمێنێ و شانازیە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان.

دوکتور قاسملوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو. بە جەرگ و نەترس بوو. دلێربوو. لە خەبات و بەربەرەکانی و شەر و مقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز وشکەست ناپەزیری بوو. چ لە شەری سێ مانگەدا، چ لە شەڕەکانی مانگی هێرش و دیفاعدا، چ لە شەرەکانی قۆناخی خەباتی پارتیزانی دا، چ لە دیدار و سەردانەکانی لە جەبهەکانی شەڕ و بنەکانی پێشمەرگەکاندا، هەمیشە ڕووحیەیەکی بەرز و پۆڵاینی هەبوو.

لە بیرمە لە شەڕی جادەی سەردەشت پیرانشار سەردانی کردین و بە مام ئەوڵای سەعیدی گوت مادام ئەتۆ بەو تەمەنەوە، کە لە شەست ساڵ زیاتر بوو، لە پێشی جەبهەدای من لە خەباتی خۆمان نیگەران نیم و شۆڕشی ئێمە دەڕواتە پێش. پەیامەکانی ئەودەم کە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕادوێ بڵاودەبوونەوە، یەکپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی ئێمە لە جەبهەکان دەنا.

فەرماندەیی ئەسڵی ئەو شەڕانە بەدەست کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و کاک حەسەنی سیوەسەڵیوە بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو شەرانەدا بەشدار بوون. بۆیەکەم جار لەو شەڕانەدا لە گەڵ مۆماستا ئاسۆ محەمەدی و کاک ئەمیری ئەلیاسی و کاک خەلیل خەلەبان ئاشنابووم. کاتێک پەیامەکانی دووکتۆر لە رادوێ کە راست لە پێشی جەبهەکەبوو لە ئالیەمەران ڕا بڵاو دەبوونەوە، کاک عومەر شەریفزادە دەی گووت گوێبگرە تەماشاکە کورد هۆشیمینەی خۆی هەیە کە هەزار هۆشیمینەی ڤێتنامی دەسکیشی لە دوو ناکا.

من ئەودەم کە لە سلێمانی دەمخوێند لە پێش ئینقلابدا لەگەڵ کاک سەدیقی ئیبراهیمی نوێنەری ئەودەمی حیزب لە سلێمانی کە دواتر بووبە نوێنەری حیزب لە بەیرووت لە ماڵێکدا پێکەوە دەژیاین و کاک سەدیق وێنەیەکی گەورەی هۆشیمین ڕێبەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی ئازادیخوازانەی ڤێتنامی هەڵواسی بوو. بەو وتانەی کاک عومەر خەیاڵم گەڕایەوە پێش شۆڕش و سەردەمی ئامادەیی و قەولمدا کتێبەکانی هۆشیمن پەیداکەم و بیان خوینمەوە. من ئەو دەم کادری سیاسی لکی سێی هێزی ئاوارە بووم و لەو شەڕانەدا دەیان هاوسەنگەر و خزم و هاوڕێم شەهیدوبریندداربوون. لەو ماوەدا کاک دوکتور دووجار سەردانی کردین. لەوی یەکەم جار بە خزمەت کاک عومەر شەریفزادە گەیشتم.

قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەیکەرەی لە شکان نەهاتوویی و مقاوەمەت بوو. دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق هەوری نا ئومێدی هەموو کوردستانی داپۆشی بوو. هەموو لە دووبارەبوونەوەی ساڵی ١٩٧٥ دەترسایین. کاک دووکتۆر زوو بە هەڵسەنگاندی دۆخی سیاسی و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی خۆی لە هەلومەرجەکە، ئاسۆی خەبات و کاری دەستنیشان کرد و ڕای گەیاند ئەگەر ئاشتی بۆ کورد هیچی تێدانە بێت، کوردی هەموو پارچەکان یەکدەگرن و لە توانایان دایە ئەو ناوچەیە نا ئارام بکەن و خەباتی خۆیان بەرنە پێش. ئیدی ئەوە ساڵی ١٩٧٥ نیە، ئەوە دووبارە نابێتەوە. لە بیرمەنەک هەر ئێمە بەڵکوو پێشمەرگەکانی یەکیەتی و هێزە سیاسیەکانی دیکەش بەو قسانەی دووکتۆر ورەیان هاتەوەبەر و هیواو ئومێدیان بۆ گەڕایەوە.

ڕێبەرێکی بە ئۆتۆریتەبوو. دەیەویست هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بزووتنەوە و ئامانجە میللیەکانی کۆکاتەوە. هەمیشە لە هەوڵی ڕێکخستنی هێزە کوردستانی و ئێرانەکاندا بوو. تێدەکۆشا گەرووبەکی هاوبەش بۆ هاواری کورد روو بە دونیای دەروە درووستکات. دەیگووت دەبێ بە یەک زمان و فۆرمۆڵ و بە تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێونەتەوەیەکاندا مەسەلەی کورد بەرینە نێو بیرورای گشتی دەرەوە تا لێما وەرگرن. ئەوەی ئەورۆ پێی دەگوترێ کۆنگرەی نەتەوەیی بیرۆکەکەی هی دوکتور قاسملوویە.

دوکتور قاسملوو لە بەیانکردن و دەربڕینی هەڵوێستە سیاسیەکانی دا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینیە رواڵەتیەکان. لە هەڵوێستگرتندا بۆ ئەو ئامانجە ئینسانی و دێموکڕاتیکەکان و حەقیقەت پێوانە بوون. زۆر جار بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەکرد و لە خنکانیش نەدەترسا.

ئەگەر ئەو ئاڵای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرت، ڕێژیم لەئەوپەڕی هێز و توانا و تەنانەت مەقبووڵیەتیش دابوو. بە دەیان ملێون کەس لە خەڵکی ئێران و تەنانەت هێزە سیاسیە چەپ و میللی و مەزهەبیەکانیش لایەنگریان لێدەکرد و وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەدی. بەڵام ئەو زوو ماهیەتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەی ئەو


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمەی تەشخیس داو کەوتە لە قاودانی. ئەوە ئەو دەم کارێکی زۆر سەخت بوو. جارێک لەوبارەوە وتی ئەوددم باسکردنی مەسەلەیەکی ئاوا تەنانەت لە دەفتەری سیاسی حیزبیش دا بە زەحمەت دەکرا بهێنرێتە گۆڕێ.

مەحکومکردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا، مەحکومکردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحکوکردنی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمدا، ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە کاتێکدا کە قوتبێکی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو. ڕاوەستان لە بەرانبەر هژمۆنی تەڵەبی موجاهیدین، حیزبی توودە و هەندێک هێزولایەنی دیکەی کوردستانی دا هەموویان نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو قسیەیەن.

لە کۆمەڵناسی سیاسیدا، بەو جۆرە کارە دەوترێ پۆلیتیکلی ئینکۆڕێکت. یانی لەباری سیاسیەوە نادرووست. قاعیدە وایە سیاسەتمەدار وەدوای مەقام وقازانج و دەنگ و کورسی پارلەمانی وشتی وا دەکەوێ. یانی خۆی دەگەڵ مەینستریم واتە جەریانی غاڵب ڕێکدەخا. بۆیە کەسێک کە دەگەڵ مەینسرتریم دەکەوێتە بەربەرەکانی، کارێک دەکا کە پۆلیتیکلی ئینکۆڕێکتە. بەڵام گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لەوەڕا هاتوە کە مەینستریمی چاڵێنج کردوە و خستویەتیە ژێر نیشانەی پرسیار.

ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندیە میللی و نەتەوەییەکان و خێری گشتی و ئامانجی سەرەکی بە شێوەیەکی واقعبینانە، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و خێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە و تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دووکتۆر قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتیە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان دا بووە. ئەو ئامانجە سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تاکتیکی خەباتگێڕانە و چالاکی و کردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێکگرێ دابوون، کە سیاسەت و خەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکی کورد.

ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت. لەخۆڕانیە دەیگووت خودموختاری ئەگەر نێوەرۆکەکەی نە بێتە ژیانێکی پڕ لە ڕەفاە و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان، بایەکەخی یەو هەموو خەباتەی نیە. واتە ئەو سیاسەتی بۆ دووشت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستا. ئەوە کە لە زانستگاکاندا پێی دەوترێت ئیمانسیپەیشن پۆلیتیک. سیاسەت لای قاسملوو شتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی ڕۆژانە بۆ گەیاندی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دوونیا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەیگووت خەباتی ئێمە دوورودرێژە. میللەتێکی ژێرچەپۆکە تا ڕزگاری ڕێگایەکی درێژی لە پێشە. بۆیە دەبێ هەم خەبات بکەین و هەم بژین. لە خۆڕانەبوو لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان و جلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا. لە شایی و زەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری دەکرد. جوانی و ڕێکوپێکی و کاروزەحمەتی تەشویق دەکرد. هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و ژیانی بنەمەڵەیی تەشویق دەکرد. بۆ چونێک هەبوو کە پیشمەرگە نابێ زەماوەند بکا، ئەو بەتووندی لە بەرانبەر ئەو جۆرە قسانەدا ڕادەوەستا و دەیگووت پێشمەرگە ئینسانە، ناتوانی لە ئینسانیەتی دابڕنی. حەقی خۆیەتی زەماوەندبکا، بەڵام دەبێ پێی بلێێن ئیمکاناتی شۆڕش بۆ بەڕێچوونی بنەماڵە کەمە.

حزوورێکی بەردەوام و دیاری هەبوو. لە ریزەکانی بزووتنەوەدا، لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا،لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نیێ تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕوونکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی و ئەدیب و هونەرمەنداندا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسیە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەیەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕ ڕەنگی هەبوو. ئێمە چ لە دفتەر باین، جچ لە ناوچە و لە قولایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەومان لە پەنا خۆمان دەدیت. پێشمەرگەکانی داڵەهۆ پێ یان وابوو قاسملوو لە هێزەکەی ئەواندا سازمان دراوە. هی هەوشاریش هەر ئەو هەستەیان هەبوو، بە کورتی پێشمەرگەکان لە هەرکوێ بان، هەستیان بە بوونی دوکتور لە لای خۆیان دەکرد. لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم و سەمیمی و سەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش و خەباتدا هەبوو. پێشمەرگە کان لە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە سکرتاریای حیزبەوە، نەیان دەوێرا ڕیشیان هەبێ، چونکە دەیانزانی کاک دووکتۆر حەز ناکا پێشمەرگە ڕێک و پێک و پاک وخاوین نەبێت.

ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی و مەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە. دووژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر و پۆشتەوپەرداختر بوو، بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگەبوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هیزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەویە، دووکتۆر قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

شکسپیر باسی هێنری دەکا. کاتێک مێژووی شەڕەکانی نێوان ئینگلیس و فەرانسە دەگێڕێتەوە، باس لەوەدەکا کە کاتێک هێنری پاشا و سەرکردەی سوپای ئینگلیس دەبینێ لەشکری فەرانسەویەکان زۆر زۆرتر و پڕچەکترە لە چاو سوپاکەی خۆی. شەوی پێش دەستپێکردنی شەڕەکە سەردانی خێوەتی هەموو فەرماندەرەکانی خۆی دەکا. هەرکامیان پێی وادەبێت کە ئەوە تەنیا هێنری هەر سەردانی ئەوی کردوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێنری هومید و هیوایان وەبەردەنێ و بە جۆرێک حاڵیان دەکا کە چاوڕوانی زۆری لێیانە. هەر یەکەی لەحزەیەکی کورت لە لایان دەبێت و بەمجۆرە بەیانی کە شەڕ دەستپێدەکا ئەو حزوورە کەمەی شەوی ڕابردوو لە میدانی شەڕیشدا لە لای هەموو فەرماندەرەکان و لە ڕێگای ئەوانیشەوە لە نێو هەموو سەربازەکان دا خۆی نیشان دەداو دەبێتە ئیلهام و هێز و وەرەو بڕوا بە سەرکەوتن و بەربەرەکانی. لە ڕاستیدا قاسلووش لە نێو بزووتنەوەی کوردا، لە نێو کادر و پێشمەرگەداهێنری بوو. خۆزگە ئێمەش شکسپیرێکمان دەبوو، داستانەکانی خەبات و خۆڕاگری پێشمەرگەکانی کوردستانی وەک شانازی میللی لە ئەدەبیاتی نەتەوەییمان دا تۆماردەکرد.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا،لە مەیدانی خەبات و سیاسەتی ئێران و کوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دا پارامیترێکی جدی بوو. وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەک ڕا دەهات، نەت دەتوانی خۆی لێ لادەی و لە بەردەستی ڕاکەی. دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی و فاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا. هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جدی بوونی قاسملوو لە سیاسەت و خەباتدا بکەن. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان و ئێراندا.

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس و میوانی و جەژن و زەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لە ڕۆژانی شایی و چ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە. بە قسەو وتە جوان و پڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەمووان دادەنا. لە خۆڕانەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.

قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو. کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشادەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت. قەت لە خۆی غافڵ نەبوو. براژنە نەسرین لە نۆرویژ وتی ڕەحمان زۆری دەخوێندەوە، چاک فێردەبوو. بەڵام فەرقی گەورەی ڕەحمان دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کە ئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەو فێردەبوو تا لە ژیان و خەباتدا بڕواتە پێش. ئێواران کە هەموو کارەکانی تەواو دەبوون دەیخوێندەوە.

بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و فەڕانسەی و عەرەبی دەخوێندەوە. ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب و هونەر و سینەماو مۆسیقاو فەلسەبوو. پاش شەهدبوونی دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کتێبخانە شەخسیەکەی بدرێتە کتێبخانەی گشتی حیزب و نەوارەکانی بدرێنە ڕادوێ دەنگی کوردستان. بۆم سەیر بوو لە نێو کاسێتەکاندا گۆرانی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مۆسیقای هەموو میللەتانی دونیایان تێدابوو. تەنانەت هی ئەمریکای لاتیین و ئەفریقاش. مۆسیقای سونەتی قەرەجەکانی باشوری ئوروپا و دەیان عنوانی دیکە. کتێبخانەکەشی لەو شاخە لە راستیدا باشترین کتێبی بە زمانەکانی فەرانسەی و ئینگلیسی و عەرەبی و فارسی وتورکی تێدابوون. ئەو کتێبانە لەو شاخە ئەودەم بۆ ئیمە بوونە خۆراکی ڕووح و بەتایبەت کە هی کاک دووکتۆریش بوون بە عەلاقەیەکی زۆرترەوە دەمان خوێندنەوە.

جارێک کلاسێکی بۆدانایین کە فێری فیلم هەڵگرتن بین. لەو کلاسەدا هەرکام لە هێزەکانی پێشمەرگە کەسێکیان بە کلاسەکە ناساندبوو. من و خوشکە خەدیجەی مەعزوریش لە رادوێ را چووبوین. بۆمن سەیر بوو لەو کلاسەدا باسی هونەر و سینەما و شانو وچۆنیەتی فیلم هەڵگرتن و بایەخ و گرنگی فیلمە دۆکیۆمێنتارەکانی کرد. سەرسام بووم. ئاخر پێت وابوو ئەو هەر مامۆستای هونەر و فیلم و سینەمایەو بەس.

هەموو رۆژێ هەواڵەکانی دونیاو ناوچەو ئێرانی تاقیب دەکردن و پێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزیەوە و باشترین تەفسیری لێ دەکردن و بۆ روونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن. دەیگووت چونکە مەسئولیەتم هەیە ناچارم تەنانەت نەشریاتی هێزەچەپە ڕادیکالەکانی وەک تۆفان و ئەوانی تری لەو تیپەش بخوێنمەوە. چونکە دەبێ بزانم دەڵێن چی؟

پێوەندیەکی بەرینی کۆمەلایەتی و دۆستایەتی هەبوو. لەگەڵ کەسایەتیە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیریەکانی کوردو ئێرانی و عەرەب و بیانی پێوەندی هەبوو. چەند ساڵ لەمەوبەر لە کۆمۆنی ئەسکەر لە نزیک ئۆسلۆ مامۆستابووم، موعەلیمێکی ئەفغانستانی دەرسی ماتماتیکی دەگوتەوە و کاتێک یەکەم جار یەکترمان دیت و وتم کوردی ئێرانم، دەستبەجێ باسی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی کوردی لەو بەشەی کوردستان لێپرسیم. منیش بۆم باسکرد و وتی خۆشحاڵم کە ئەو قسانەم گوێ لێدەبێ.

من پێم وابوو پاش تیرۆری قاسملوو خەباتەکەشی نەماوە. پێم سەیر بوو دوکتور قاسملووی دەناسی. دواتر بۆی باسکردم کە دۆستی قاسملووبوە و سەردەمێک لە کابوول لە کابینەیەکی ئەفغانستاندا وەزیربووە لە کاتی دەستەڵاتی چەپەکاندا. شانازی دەکرد کە جارێک لە پاریس کاک دۆکتۆری دیبوو. ناوبراو دووساڵ لە مەوبەر گەڕایەوە ئەفغانستان و ئێستا تەنیا منداڵەکانی لێرەن. با ئەوەش بڵێم کە بەڕاستی ئەویش بۆخۆی کانیەکی زانست و زانیاری بوو. پار چوومە دهۆک لە یەکەم رۆژی گەیشتنمدا چوومە میوانیەک.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تازە دانیشتبووم کەسێک هاتە نزیکم و وتی من لە ناوچەی شینکایەتی چەند شەو لە گەڵ کاک محەمەدی موکری و چەند نوسەری تر میوانی کاک دووکتۆر قاسملوو بوومە باسی ئەو دیدارانەی دەگێراوە و عیشق و خۆشەویستی کاک دوکتور لە چاوانیدا شەپۆلی دەدا. ئەو مامۆستا محەمەد ئەمین بوو کە سەردەمێک مودیری پەروەردەو فێرکردنی دهۆک بووە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێوەندیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی هەبوو. هەرکەس یەکجار دیتبای دەچۆ ژێر تەئسیری. سەردانی بریندارەکانی دەکرد، لە ئەحواڵیانی دەپرسی، کەم ئەندامەکانی بەسەر دەکردنەوە...

## بەشی، سێهەم (کۆتایی)

لەسەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بە هێزکردن و رێکخستنی حیزب کاری دەکرد.

باشترین کات و سەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نوسین و قسەکردن و دەرس وتنەوە و پێکهێنانی کۆروکۆبوونەوە و دیداری جۆراوجۆری سیاسی و حیزبی و دیپلۆماسی تەرخان دەکردن. قەت لەکار ماندوو نەدەبوو.

ئەو فەرهەنگی ئیدامەکاری هێنایە ناو سیاسەت و تەشکیلاتی ئیمە. قوتابخانەیەکی درووستکرد کە هەزاران کادر و تێکۆشەری حیزبی تێدا پەروەردەکراون. لە کلاسێکدا وتی من دڵنیام ئەگەر ئەو رێبەریەی ئێستای حیزب هەمووشی تێدا بچێت، تازە ئیدی حیزبی دێموکرات ناکەوێتەوە سەر ئەرز و ئاڵای خەباتەکەی لە شەکانەوە ناکەوی. ئەو بڕوای بە خۆی و کاری خۆی هەبوو.

ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆری و گوفتمانی زاڵی سیاسی لە کوردستاندا. بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران. خوێنکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، دانشگاهیان وباقی چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەرگرن. هەرچەند دوکتور قاسملوو هاوەنەسلی نەسلی ئێستای کوردستان نیە، بەڵام ئیدەو پەیام و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێ. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگووت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەم دایەو کوردستان دابەش کراوە. ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەرۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بە ئێسکو پێستەوە هەست بەو ستەم و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێعەداڵەتیەدەکا کە لەسەر کوردە. هەربۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، بەو هەموو ئاگاهیە کە ڕۆژانە وەک شنەبا بڵاو دەبێتەوە، نەوەی نوێی کوردستان شوێن ی مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ ولە جەوهەری پەیامی قاسلوو تێدەگا.

بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەوستەمە بێتە مەیدان لە لەسەریەتی. ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کورد دەبێ بڕواتە کوێ. حەزرەتی موسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەتدەکا. قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا. ئەو دەیگووت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتوی دونیا.

کوردستان لە دونیای سێیەمدایە، لە دونیای ئیسلامدایە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایەو لە دونیای عەرەبیش دایە. هەرکام لەوانە پێناسەی سیاسی خۆیان هەیە. دونیای سێیەم یانی هەژاری و بێنەوایی و بێعەداڵەتی، دونیای ئیسلام یانی دژایەتی مۆدێرنیتە و پێشکەوتن، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕست و دونیای عەرەب یانی دوژمنایەتی ڕۆژئاوا و زەینکوێری سیاسی و ڕادیکالیزم و تیرۆریزم. قاسملوو دەیگووت کورد و کوردستان ئەگەر لە باری جوگرافیشەوە ناتوانن لەو ناوچەیە بێنەدەر، دەبێ لەباری سیاسی و فەرهەنگی و مینتاڵیتەوە خۆیان لەو چاڵانە ڕزگارکەن. دەیگووت مۆدێلی ئێمە ئورووپایە کە چلەپۆپەی گەشەسەندن وپەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانیە.

ئەوجی پێشکەوتنی ئابووری وسیاسی وفەرهەنگی و تکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپاهەیە. بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە بڕۆین. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئوروپاوە. دەی گووت ئەودەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. هەرئەو ڕێگەی کە تورکیە هەڵی بژاردوە یانی هەوڵدان بۆ چوونە نێو ئورووپا. دەیگووت ئیسلام دینی ئێمەیە، بەڵام نابێ ببێتە شێوەژیانمان. بۆیە دەبێ لەو چاڵانە خۆمان قوتاربکەین.

تورکەکانیش موسوڵمانن، بەڵام هەموو هەوڵیان ئەوەیە بڕۆنە نێو ئورووپا. ئەو ستراتیژیەی تورکیەی نەک هەرلەبەر قازانجی کێشەی کورد، بەڵکوو لە بەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیەکانیش، تەقدیردەکرد. یانی ئەو دەیگووت کورد و کوردستان دەبێ خۆی لە گەڵ دونیای مۆدێرن و پێشکەوتوو هاوئاهەنگ بکا. تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە دەچینە ئاستی میللەتانی دونیا. نەوەی نوێی کوردستان، موشتاقی چوونەدەر لەو چاڵانەیە کەباسم کردن. هەربۆیە پەیامی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قاسملوو بە ئاسانی وەردەگرن.

قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ. ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگێ بازاڕ و ئابووری ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت و گاز و ئاوە. بۆیە ئەگەر شانسێ بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ زوو دەبێتە ئۆکۆنۆمیەکی گەورە. بەڵام دەی گووت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردابێ. ئەو دەی گووت پێشکەتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە. ئەو پێشکەوتنی زانستی و فەرهەنگی و کولتوری بە هەوێنی پەرەسەندن دەزانی، هەر بۆیەشە هێندە لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکە.

قاسملوو نێوەرۆکی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردی فۆڕمەڵەکرد. یانی کوردایەتیەک کە لە نێوەرۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبی گەری. لەو ناسیۆنالیسمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە کاک نیشاندەدا. لەو ناسیۆنالیسمەدا، بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان دەکەوەنە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە.

لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا ئامانج گەیشتنە بە مۆدێرنیتە، نەک دژایەتی مۆدێرنیتە. لەو ناسێۆنالیسمەدا،دین لە دەوڵەت و حکومەت جیایە. یانی پێوەندیە سیاسی وحقوقیەکان سکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا. زۆر جار دەی گووت حیزبی ئێمە لائیکە. یانی ئێمە نامانەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین. بەڵکودەمانوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە دەبێ بە شێوەیەکی سرووشتی لێی چاوەڕوان دەکرێت.

لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتیەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش وخەبات. بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیسمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست. کۆتوبەندی مەزڵوومنمایی لە دەستوپێ کوردکردەوە. دەیگووت کورد دەبێ بۆخۆی ئەرکو مەسئولیەتی ڕزگاری و ئازادی خۆی بگرێتە ئەستۆ.نابێ چاوەڕوان بین سەربازی ئەمریکی و رووسی و فەرانسەوی بێن لە جیاتی کوڕوکچی کور لە سنە و کەرکوک وورمێ بۆ ئازادی کوردستان شەڕبکەن. سیاسەت و کوردایەتی لە کوردستانی ئێران لە داوی کۆتوبەندی عەشیرەتگەرایی و تایفەیی دەرهێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ناسیۆنالیسمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە. ئەو لە کاتی ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراقدا رای گەیاند کە شەڕتی سەقامگیربوونی سوڵح و ئاشتی لەوناوچەیەدا، ئەوەیە کەکورد و کوردستانیش بگرێتەوە. بەبێ چارەسەری عادلانەی کێشەی کورد، ئاشتی لەو ناوچەدا قەت دانامەزرێ. ئەسڵەن ئاشتیەکی ئاوا بۆ کورد وەک خامۆشی قەبرەستانی مەترسیدارە و کورد تەحەمولی ناکات. ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودیەت و مەسیحیەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست. بەو جۆرە ناسیۆنالیسمی کوردی کردە پاڕامیتریکی جدی بە قازانجی ئازادی و دیموکڕاسی لە ئێران و ناوچەکەدا.

ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان، بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بنیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدۆئۆلۆژیک و بیروباوەری کۆنەپەرستانە. یانی ناسیۆنالیسمی کوردو خەباتی کوردی لە گەڵ دێموکڕاسی و لیبراڵیزم و ئوسوڵە نێونەتەوەییەکان وعورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد. لەخۆڕانیە ئێستا دەبینین کە بزووتنەوەی کورد فاکتۆرێکی پۆزەتیڤە لە ناوچەکەدا. ئەو دەیگووت بزووتنەوەی کورد ئەگەر ئاوا نەڕواتە پێش، ناتوانێ پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. بەرهەمی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە ئێستا بزووتنەوەی کورد هەرەشەیەکی جیدیە لە سەر دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و مژدەی بەهاری ناوچەکەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە.

هەربۆیە ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی کوردا کەسێکمان بوێ قاسملووی لە گەڵ موقایەسەبکەین، کەسمان دەست ناکەوێ و ئە بێهاوتایە. ئەوتەنیا لەگەڵخۆی یانی قاسملوو موقایەسەدەکرێ.

ئەو قەت سۆزو رق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەت گوزاری و هەلوێستی سیاسی. واقعبین بوو. بڕوای بە تواناکانی لاوانی کوردستان هەبوو. تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا توونتر و بەرزتر لەوەکە هەیە بفڕێ. شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە. بۆیەشە لە نێو کوردانددا هەروا بەرز و بێ هاوتایە.

ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت. دەیوت چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵبکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەیکە تێی داین بێینەدەر. دەیگووت ئەگەر نەوەکانی ڕابردوو چاک کاریان کردبا ئێمە ئەوە حاڵمان نەدەبوو. دژی ئیمام زادە سازی بوو. بۆ ئەو ئیمام زادە سازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا،یانی بە بارمتە گرتنی داهاتوو بوو. دژی رووحیەی کەربەلای بوو لە حیزبایەتی و سیاسەتکردندا. لایەنگری عەقڵو کردەوەی سیاسی هەلسەنگێنراوبوو. دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ئەو سست عونسورێ و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕووحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووت دیتن گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون.

لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو. پێی وابوو پلۆرالیزم و دیسانترالیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژیەکان ئازادە دەکەن. هەر بۆیە دەیگووت ئێرانی دەبێ دیسانترالیزە و پلۆرالیزە بکرێ. لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو. واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی. خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا. لە جیاتی هەڵاواردن و خۆویستی ڕووت، ڕێگای سازش و هاوڕایی بگرێتەبەر.

لەسیاسەتدا دووربین وستراتیژیکبوو. ئێمە کە لەسەری لوتی خۆمانمان بەولاوەنەدەدی جارێک لە پلونۆمێکدا باسکرا کە هەرکەس کە لە ئۆردووگای ڕوومادیەوە دێتە دەورەی فێرگە نەیەڵین دایکەکانیان بێن و بیان بینن چونکە دەیان بەنەوە. لە وەڵامی ئەو پێشنیارەدا وتی ئەوە هەڵەیە. ئەو خەڵکە سەرمایەی شۆڕش و خەباتن و باشترین ماتریاڵن لە دەستی حیزبدا کە دەتوانین کاریان لەسەر بکەین و لە ڕێگای ئەوانەاوە حیزب بەرەو ناوچەکانی کرمەشان و ئیلام کۆچ پێبدەین.

تا ژمارەیەکی زۆرتر لەوانە بێنە فێرگە و لە گەڵ حیزب ئاشنابن، باشترە چوونکە ئێمە لەو ڕێگایەوە دەتوانین ژمارەیەکی زۆر کادر بۆ حیزب پەروەردەکەین کە لە داهاتوودا دەتوانن نەخشی گەورە بە قازانجی حیزب ببینن. جیا لەوە دەچنەوە لە نێو کەس وکاری خۆیاندا دەبنە کادری حیزب ئەوە چ زەرەرێکی تێدایە کە ئێمە دەبێ لێرە ئەو مەسەلە ئاوا باسکەین. ئێستا دەزانین کە بەڕاستی ئەو قسەی کاک دوکتۆر چەندە درووست بووە. مەبەستم ئەوەیە ئەو زۆر درێژخایەن بیری دەکردوە.

جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکدا وتی بە خەڵکی گوندەکان بڵێن ئەگەر هەر دەچنە شار بڕۆن لە ورمێ خانوو بکڕن و نیشتەجێبن. ئەو بەراستی ستراتیژیک بوو. جارێکی دیکە وتی شەشمانگ کارم لەسەر ئەوە کردوە کە فرانسوا میتران سەرکۆماری فەڕانسە لە وتاری ساڵانەی خۆیدا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کاتی باس لە سەر مەسەلەکانی دونیادا، وەک نموونە باسی کوردیش یانی کێشەی کوردیش بکا.

لە نوسین و وتارو باسەکانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵە. شعوری بەرزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایە. ئەوە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتێکدا کە خەڵک نە هەوا و لەسەر ئەساسی سۆز و عاتیفە کاردەکەن، کارێکی دەگمەنە. ئەو لە بەیان کردنی مەبەستە سیاسیەکانیدا زۆر ڕەوان بوو. ئاڵۆزترین مەسەلەکانی بەزمانێکی زۆر سادە دەر دەبڕین.

لە سیاسەتدا ئایندەنگەر بوو. خۆ بەزلزان نەبوو. متوازن بوو. دیدێکی ئاواڵای هەبوو. خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو. بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرە کانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جدی وەردەگیراو جێی ڕێزبوو.

زۆریان هێرشکردەسەری. بە پیاوی ناتۆ و ئیمپریالیزم و دواتە بە پیاوی بەحس و تەجزیەتەڵەب و دژی شۆڕش و دوژمنی خواو چی و چی لە قەڵەمیاندا. بەڵام ئەوە زەڕەیەک کاری لێنەکرد و لە خەباتی سارد نە کردەوە. قەتیش شەڕە جنێوی نەکرد. هەمیشە دەیگوت دەبێ ئەدەبیاتی حیزب وەزین و هەسەنگێنراوبێ و لە ئەدەبیاتی چالەمەیدانی خۆ دوور بگرین.

جارێک لە قەندیل میوانمان بوو یانی میوانی مەڵبەندی سپی سەنگ بوو کە بنکەکەمان لە سینەمۆکە بوو. پێشمەرگەکان هاتن و وتیان ڕادوێ موجاهیدین جوێن دەداو بە دوکتور قاسملوو دەڵێ ئەشرافزادە و چی و چی. پێشمەرگەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو. وتی پێتان ناخۆش نەبێت. ئەوانە بەرادوێی خۆیان تەبلیغ بۆ ئێمە دەکەن. من سیاسەت دەکەم و لە ئورووپا هەموو ڕۆژێ کاریکاتۆری سیاسەت مەدارەکان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەنەوە کەسیش تەنانەت پێشیان ناخۆش نیە. ئێوەش ئەو کارە هەرئاوا وەربگرن.

ئەو قەت حەقیقەت و گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەی دەویست حیزبی دێموکرات تاقانەبێ. بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکڕات بە هێز و کاریگەربێ لە مەیدانەکەدا. ئەو پێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامی هاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ. لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا هەمیشە دوای هەموان نەزەری خۆی لە سەر مەسەلەکان دەردەبڕی و تەنیا هاوئانگی درووست دەکرد.

قاسملوو وێڕای ئەوەی کە دەریای زانیاری بوو. کەسێکی سەمیمی و گەرمیش بوو. نموونەی بەرزی ڕووحیاتی بەرزی ئینسانی بوو. لە بەرانبەر نامرادیدا نەبەزیبوو. بە هەموو بڕواوە بۆ ئەو ئامانجانە کاری دەکرد کە بڕوای پێیان بوو. پێغەمبەر ئەگەر بڕوای بە پەیامی خۆی نەبێت، ناتوانێ خەڵکیان لە دەورە کۆکاتەوە. ئەو بڕوای بە پەیامی خۆی بوو بۆ یەش دەی توانی خەڵکیان بۆ مۆبیلیزەبکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تازە لە سابڵاخ هاتبووینەدەر و لە سەر شاخانبووین. سەرەتاکانی دامەزرانی ڕادوێ دەنگی کوردستانی ئێران بوو. کاری پاراستنی رادوێ هێزی ئاوارە ئەسپێردرابوو. شەهید مەلا بایزی محەممەدی سەرپەرستی پێشمەرگەکانی دەکرد. منیش لە گەڵ مام لەوێ بووین و کاک دوکتور دەبوا بچێتە خرەجوێ کە کلاسی کادری لێ بوو دەرسی هەڵدانی ئابووری بڵێتەوە. ئەوکارەیان بە ئێمە سپارد و لە رێگا کتێبێکی بە دەستمەوە دیت و پرسی چیە. من پێشانم دا وتی قەی ناکا بیخوێنەوە بەڵام ئەوە ئینتشاراتی حیزبی توودەیە.

ئەوان ئاساری مارکسیستی بە جۆرێک چاپ و بڵاودەکەنەوە کە لە جهەتی خەتی سیاسی خۆیان دابێ. داوات لێدەکەم ئاساری کلاسیکی مارکسیستی بخوێنەوە باشترە ئەو جزوانەی حیزبی توودە ریسالەی ئامووزشی حیزبین. هەر بەوەش ڕامەوەستە و ڕوانگەکانی موخالیفی مارکسیسیمیش بخوێنەوە جا ئەودەم لە مەسەلەکان تێدەگەی. بەو جۆرە رێنوێنی کردم کە بە چاوی ئیدەئۆلۆژیکەوە تەماشای دونیا نەکەم. ئەو ڕۆژە بوو کە ڕۆژنامەی مەردوم نوسیبووی چوماقدارانی ئەڵاوەیسی بە دەفتەری حیزبی تودە دەر مەهاباد حەملەوەر شودەن.

ئەو دەیگوت دەبێ لە خەباتدا تەکیە بکەینە سەر ئامانجی درووست و وەسیلەی درووست و پرۆسەی درووست. دەیگووت کورد چۆ هەرجێ یەک داوای چەک و پوڵ دەکا. ئەوە سیاسەتی کوردیە. ئێمە دەبێ ئەو فەرهەنگە بگۆڕین. دەبێ لە جیاتی چەک و پوڵ داوی پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی بکەین. چونکە کەسێک ئەگەر پشتیوانی سیاسیت لێبکا. ئەگەر پێویست بێ چەک و پوڵیشت دەداتێ. ئەو دەیگووت دەبێ تەکیە بکەینە سەر بیری خەباتگێرانە و پەروەردە و ریتۆریکی حەقخوازانە و عادڵانە.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە دەبنە کەسایەتی مێژوویی. قاسملوو نەک دوای مەرگی تەنانەت لە سەردەمی ژیانی پربەرەکەتیشیدا، بوو بە کەسایەتیەکی مێژوویی کە کورد هەتا هەتایە شانازی پێوەدەکا. هەربۆیە هێمن وتەنی بە مردوویش بۆتە نیشانەی تیری دووژمنانی کوردو کوردستان.

ئازایەتی لە هەلوێست گرتندا، بینشی قوڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لە قاسملوودا هەبوون، لە هەموو سیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون. زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمرۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ. ئەگەر نەزەراتی ئەو و شاپوری بەختیار بە هێند گیرابان ئێران توشی ئەو چارە ڕەشیە نەدەبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فێری کردین هەر هاوپەیمانیەک لە سەر ئەوە ببەستین کە ئەو لایەنەی دەگەڵی دەچینە هاوپەیمانیەوە چی دەوێ نەک ئەوە کە دژی کێ یە. دەی گووت ئەگەر لە گەڵ هەر هێزولایەنێک لە سەر تەنیا لە سەر ئەساسی ئەوە رێککەوین کە دژی کێ یە، لە نیهایەتدا بێ ئیعتیبار دەبین.

لە بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکاندا ئەزموونەکان لە دوو جۆرە کەسایەتی دەدوێن. یەکەم کەسێکی مودیر و بە تواناو لێوەشاوە. بەڵام نا پابەند بە ئوسوڵ و ئەخلاقیاتی ئینسانی و خەباتگێرانە.

دووهەم کەسانی پاکیزە و سادق و خاوەن ویژدانی شۆڕشگێڕانە بەڵام ناکارا لە باری سیاسی و ریبەری کردنی جەماوەریەوە. دیارە هیواش هەن هیچیان نین. دووکتۆر قاسملوو هەردووکیانی هەبوون. ئەو جۆرە ڕێبەرانە حوکمی کیمیایان هەیە. دووکتۆر قاسملوو هەم شارەزاو لێ هاتووبوو. هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو. هەمیشە دەی گووت ئێمە بەرپرسین. دەبێ وریای کاروکردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە.

لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دیموراسیدا، جەسورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی.

ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو. ئەو دەی گووت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، یەعەهود و مەسئولیەتی لە گەڵ نەبێ دەبێە بۆمبێکی خەتەر. مەسئولیەت و تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون. ئەو بەو مەسئولیەت و تەعەهودە تا سەر وەفادار مایەوە. لەئاخر لەحزەی پێش شەهیدبوونیشی وەک ئامانجی خەڵکی کوردستان لە خودموختاری دیفاع دەکا و وەفادەرە بە میللەتەکەی. هەر بۆیەوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەیڕوانیە ژیان و دەوروبەر و ڕووداوەکان و لە حەقیقەت و جوانی دەگەڕا. رووک و ڕاست بوو.

بێ ئەوەی بیهەوێ بت شکێنێ، ڕەخنەی خۆی دەگرت و وەک مامۆستا هەڵەکەی راست دەکردیەوە، بێ ئەوەی مەبەستی سوکایەتی کردن بووبێ پێت. ئە ئەخلاقیاتە بەرزە ئینسانیە هیچ سنورێکی نەبوو. چ پێشمەرگە لە شەرەکاندا دیلی کوشتبا چ لایەنی ڕێژیم ئەوکارەی کردبا بۆ ئەو کردوەیەکی نە شیاو بوون. هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کاروکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پرۆسە و ئاکامی دەزانی. دەی گووت ئامانجی بەرزو ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بگرێ. دەنا توشی شکەست دەبێ. بۆیە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵەو پەڵەیەک و کوێرزەینیەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو. بەڵام لە گەڵ هەموو ڕوناکبیران جیاوازی هەبوو. قەت ئیدیعای رووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەر نە دەهێنا. لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد. بێ نیازبوو، کەسێکی حەمماسی بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش. زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕووحی باوکی لێی ڕازیبن. ساکێکی دەستی هەبوو هەمیشە بۆ کۆڕوکۆبوونەوەکان بەدەستیەوە بوو، دەیگوت ئەوە باوکم ئەودەم وەک تەشویق بۆی کریوم کە چوومەتە دەبیرستان. ئەو هەموو تەمەنە هەر بەدەستیەوە بوو .وەک پێشمەرگە دەژیا و سادە و ساکار. لە شەڕی سێ مانگەدا ئاوارە ببوین بۆ دیانان و خەڵکێکی زۆر لەو سنورە مابۆوە. میرزاعەبدوڵای پاک سروشت نامەیەکی لە سەر وەزعەکە نووسی و دای بەمن بیبەم بۆ دەفتەری سیاسی. دەفتەری سیاسی ئەودەم لە پشکاوێ بوو. چووم دوکتور قاسملووم لەوێ دی لە کاولاشێکدا کە پێ یان دەگووت ماڵی دووکتۆر قاسملوو. هەرلەوێ کریس کۆچیرا دەچێتە سەردانی و پێی دەڵێ ئەوە یەکەم جارە ماڵی خۆم هەبێت.

ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕیانی دەکێشا. دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەخگیربوە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش ڕاست بوو. ئینزباتێکی سەختی لە سەرخۆی و حیزب و هاورێیانی پیادە دەکرد.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بوو. بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژوویی دا تێدەپەڕن. شارەزایەکی تەواوی بەسەر مێژووی دونیا و ئێران و کوردستان دا هەبوو.

**بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە داهاتوو بوو.**

دژی ئەوە بوو سیاسەت دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکاربێنی. چونکە دەیگووت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین. ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئوورووپای بە نموونە دەهێنایەوە.

فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی. دانیال میتڕان دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارام بەخشی رووح بوو.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوەبنازێ.**

موسەدیق یەک گوناهی هەبوو کە ڕاکێشرایە دادگا. ئەویش دیفاع لە سەربەخۆی ئێران و بەرژەوەندیە کانی ئێران بوو. دووکتۆر قاسملووش یەک گوناگی هەبوو کە کەوتە بەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی. ئەویش بریتی بوو لە خەبات بۆ ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.

سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەندەیەی دوایی نێو بزووتنەوەیی کورد تێپەڕی. ئەوەتا دوو دەیە دوای خۆشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشیەوە. ئەو و بیری ئەو لە گەڵ شەپۆلەکانی دێموکراسی و ئازادی و بەهاری ناوچە دایە و ئەوەتا بەرەوڕوومان دێ.

بڕوای قوڵی بەوەبوو کە لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەماندا دەبێ ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ لەبەر چاوبگرین و بتوانین لەسەر مەسەلە نەتەوەیی و چارەنوس سازەکان پێکەوە هاوکاری بکەین.

ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە. بۆیە قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو. بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێ فێربوون و مۆتیڤاشونە. پێی وابوو حیزبی دێموکڕات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری لەبێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بەرێوەبەرێ.

ئەو ئەوەی بە ریسالەتی حیزبی دێموکڕات دەزانی. دوای تەوابوونی کۆنگرەی شەش چومە خزمەتی وتم ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەسندکراو ئێمە دەنگمان پێداوە، وا باشە تیئوریزەی کەین تا بیبەینە نێوخەڵک. وتی تیئوریزەکردنی ناوێ. عەداڵەتی کۆمەلایەتیت دەوێ یان نا، ئازادی و دێموکراسیت دەوێ یان نا؟ ئەو دوانە لە گەڵ یەک دەبنە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک. مەنتقێکی هێندە بەهێزی هە بوو زوو تەسلیمی دەبووی.

بە ڕووحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد. ڕووحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و توونـدوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ درێژە پێدانی ڕێبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین. بە چاویلکەی ئیدەئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین. ڕوانگەو پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە. زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست وپێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە. مێژووی کورد نەکەینە مەیدانی شەڕێ تاریکی و ڕووناکی و ئەهریمەن و ئاهورەمەزدا. دەبێ گرنگ بۆ ئێمە ئێستاو داهاتووی کوردستان و نەتەوەکەمان بێ.

دەبێ بزووتنەوە گەورەو بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ هێزێکی دێموکڕاتیکی کوردستانی وەلانەنرێ. دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاککەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی ڕۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سوکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو پاک کەینەوە. دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەکێشینە ئاستی ئەو مەسئولیەتەی لە سەر شانمانە. نابێ حیزب بێنیە خوار تا ئاستی خۆمان. دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکێ حیزبی. دەبێ بە جهەتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین. دەبێ حیزبی دێموکڕات، حیزبی قاسملوو و هەزاران شەهیدی دیکەی سەربەرزی کوردستان بەهێزو گەورە کەینەوە و نەیەڵین ببێتە فیرقە.

ژیانی قاسملوو وەک هەر ژیانێکی دی چوار لایەنی هەن. دەستپێکردن، کۆتایی هاتن، ئەو ڕۆژگارە و ئەو کۆنتێکستە کە تێی دابوو، لایەنی چوارەمیش کارو کردەوەکانی بوون بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان. ئەو بە کار و خزمەتەکانی بە حیزب و گەل، توانی لایەنی چوارەمی ژیانی هێندە قوڵ و بەرین و درێژ بکاتەوە کە ئەوەتا ئستاش هەروا لە نێوماندا حزووری هەیە و پیرەمێرد وتەنی لە دڵ و ویژدانی میللەتدا دەژی.

بەڵێ ژنان و پیاوانیک هەن پاش مەرگیش، واتە گڵیش، ناتوانێ کۆتایی بە زیندوو بونیان بێنێ. قاسملوو، یەکێک لەوانە. وەک گاندی وەک موسەدیق وەک یاسر عەرەفات.

**هەزاران سڵاو لە ڕووحی پاکی دووکتۆر قاسملوو و شەهید عەبدووڵا قادری ئازەر و دوکتور فازیل ڕەسوڵ و هەموو شەهیدانی کوردستان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دیمانە: قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.!



ئامادە کردنی محەممەد سولەیمانی

بەڕێزکاک برایم لاجانی پێمان خۆشە بیروڕایی بەڕێزتان وەک کادرێکی پێشووی ڕیبەری حیزب کە دەورەیەکی بەنرخ و بەرچاو لە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیت لە نیزیک ڕێبەری شەهید کاک د.قاسملوو تێپەڕ کردوەوە و لە نیزێکەوە شارەزایی فکری سیاسی و تێڕوانینن و خوێندنەوەیی وردی لە پەیوەندی لەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی ئە وکات و ئەو قۆناخەسەختەیی خەبات کە بزووتنەوەیی نیشتیمانی پێی دا تێپەڕ دەبوو و کاریگەری رووداوەکان لە سەر خەباتی ئازادیخوازانەیی گەلی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی بێوەچانی سیاسی و دیپڵۆماسی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی وڵاتانی دێمۆکڕات و ئازادیخواز بۆ لای مەسەلەی رەوایی گەلی کوردستان، بۆ خوێنەرانی ماڵپەرە کەمان بدوێن و شیکردنەوەیەکی کورتی بیروباوەڕی ئەو نەمرە سەبارەت بە حیزب و بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مان بۆ تاوتوێ بکەن و پێناسەیەکی کورتی نێوەرۆکی ئەو دێمۆکڕاسیە بکەیت کە بەر هەمی خەباتی ئەو نەمرەیە لە نێوڕێزەکانی حیزب دا.

قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**(ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە کردوە.)**

## یەکەم

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی حیزب وگەلەکەمان، دوکتۆر قاسملوودا تێدەپەڕێ. مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدانی ئەو جنایەتە ئەوەبوو کە بۆ هەمیشە ئاگری خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافەنەتەوایەتیە کان لە کوردستانی ئێراندا خەفەبکات. بەڵام ئێستا ئەوە چاک دەرکەوتووە کە ئەو ئامانجانەی کە قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن و ژیان و گیانی لە پێناویاندا دانا، بوونەتە ئامانجی سیاسیی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردو سەرجەم ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان.

ڕەوتی ڕووداوەکان لەو دوو دەیەی دواییدا و وەزعی ئێستای ئێران ئەوە دەردەخەن کە ئەوە کۆماری ئسلامی و ئیستبدادی مەزهەبی یە کە هیچ داهاتوویەکیان نیە و پاشەڕۆژ هی ئامانجە ئینسانیەکانی قاسملوویە.

ئەوەتا ئەمرۆ ناوی قاسملوو بۆتە سەرمەشق و ئیلهام بەخشی خەبات بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێراندا.

نەوەی نوێی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە قاسملوو وەک مامۆستای مەدرەسەی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری تەماشادەکەن. لە دەرس و وانەکانی فێردەبن. هەڵوێست، وتەو نووسینەکانی دەکەنە دەسمایەی خۆیان بۆ چوونە پێش بە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێموکڕاسی دا.

## دووەم

لەحزەیەکی زۆر ناخۆش بوو کە هەواڵی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووم بیست. وەک ئەوەی کە ئاسمان بە سەر سەرم دا برووخێ وابوو. بۆ ئێمە کە لە هەل و مەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا خەباتمان دەکرد. لە دەستدانی قاسملوو کە هەم مامۆستاو هەم ڕێبەر و هەم تەجەسومی ئیرادەی حیزب و گەلەکەمان بۆ خەبات و بەربەرەکانی و نوێنگەی هیواو ئاواتەکانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەلە بندەستەکەمان بوو، زەبرێکی بەڕاستی قورس و بە ژان بوو.

بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدبوونی قاسملوو لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، یەکێک لە لە کادرەکانی ڕادیۆ واتە کاک سیامەک، وتووێژێکی کورتی سەبارەت بەو کارەساتە لە گەڵ پێکهێنام کە ڕۆژی دوایی لە ڕادیۆوە بڵاو کرایەوە.

حاڵەتێکی زۆر تایبەتی بوو، زۆرم وەبیر نەماوە کە چیم وت. ئاخر ئامادەگیشم نە بوو. لەو قسانە تەنیا چەند ڕستە یەکم وەبیر ماون کە بریتین لە.

(بە شەهیدبوونی قاسملوو، جارێکی دی باوکم شەهیدکرایەوە. جارێکی دی هەموو شەهیدانی کوردستان لەمن شەهید کرانەوە.)

(ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە کردوە.)

پاش بڵاوبوونەوەی وتوێژەکە لە ڕادیۆ، کاک دوکتۆر شەرەفکەندی لە نێو جەمعێک لە کادر و پێشمەرگەکاندا وتی قسەکانی ئیبراهیم لە پێوەندی لە گەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا لە دڵەوە دەهاتنەدەر بۆیە بەڕاستی لە سەر دڵانیش دەنیشتن و کاریگەریان دادەنا. ئەو تەعبیرەی ئیبراهیم لە ڕۆڵی دووکتۆر قاسملووی کرد لە نێو حیزبدا بە ڕاستی واقیعیەتە. دوکتۆر قاسملوو هە میشە شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. بەڵام ئەوەتا ئێستا دەبینین کە هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و سەرجەم ڕیزەکانی حیزب شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە داوێنی خۆیاندا پێگەیاندوە.

## سێیەم

لە پێوەندی لە گەڵ بیستەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی قاسملوودا، تەکیە لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەو پێش هەر شتێک خەباتگێڕی ڕێگای دێموکڕاسی بوو. لە زۆر موناسەبەت دا دەی گوت کە بۆ ئێمە دێموکڕاسی لە سەروی هەموو شتێکەوەیە. ئەو دەی گوت کە حیزبی ئێمە پێش هەرشتێک حیزبێکی دێموکڕاتە و بۆ دابین و دەستەبەرکردنی دێموکراسی خەبات دەکا. دابین بوونی دێموکڕاسی لە تاران، لە کوردستاندا بە شێوەی خودموختاری وەدیهاتنی مافەنەتەوایەتیەکان ڕەنگ دەداتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

من ئەو قسەیەم لە خۆی بیستوە کە دەڵێ ئەگەر ئێمە، هێزە دێموکڕات و میللی و نیشتیمانی یەکانی ئێران لە وەختی خۆی دا پشتیوانیمان لە دەوڵەتی بەختیار کردبا، مەسیری شۆرشی ئێران بە ڕێگایەکی دیکەی جیا لەم ڕیگایەی ئێستادا دەڕۆیشت. بەختیار دەیتوانی ئازادی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی و ئازادیە دێموکراتیەکان دەستەبەربکاو بەم جۆرە ئێران بەرە بەرە

بەرەو دێموکراتیزەبوون دەڕۆیشت و ئاڵوگۆری دێموکراتیک دەستیان پێدەکرد و دیکتاتۆری پاشایەتی دەستەڵاتی لە دەست دەدا و بەم جۆرە شۆڕش لە ئامانجەکانی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر نزیک دەبووەوە. قاسملوو ئەوەی بە گەورەترین هەڵەی سیاسی هێزە میللی و دێموکڕاتەکانی ئێران دەزانی.

دوکتۆر قاسملوو دەیگوت من ئەو دەم دەمویست ئەو مەسەلەیە لە دەفتەری سیاسی خۆماندا باسکەم. بەڵام بە داخەوە حیزبی تودە وەزعێکی خوڵقاندبوو کە ئێمە تەنانەت لە دەفتەری سیاسی حیزبیش دا نە مان دەتوانی ئەو مەسەلەیە بێنینە گۆڕێ.


سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٣١ی جوولای ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# Commemorating Dr. Abdul Rahman Ghassemlou: A Legacy of Courage and Vision




**Ladies and gentlemen, dear friends from the Norwegian, Iranian, and Kurdish communities,**

**We gather here today at the Nobel Peace Centre in Oslo to honor the memory of Dr. Abdul Rahman Ghassemlou. Thirty-five years ago, on July 13, 1989, he was assassinated in Vienna, Austria, while negotiating with an Iranian delegation for a peaceful solution to the Kurdish issue in Iran. Alongside him, Abdullah Ghaderi Azar and Dr. Fazil Rasul were also brutally murdered—a clear violation of the principles of dialogue and diplomacy. Their dedication to democracy, decentralization, and minority rights continues to inspire us today.**

**This tragic event was a huge loss not only for the Kurds in Iran and Kurdistan but also for the democratic movement in Iran. The Nobel Peace Centre, a symbol of peace, democracy, and human rights, represents the values Dr. Ghassemlou dedicated his life to. His ideals align deeply with those promoted by this esteemed institution and the global human rights movement.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**Today, we reaffirm our commitment to these principles and call upon Norway and other European countries to take decisive action against the Iranian regime. This regime has consistently oppressed the Iranian people, imposed a dictatorial religious system, suppressed democratic freedoms, destabilized regional peace, and violated international law by supporting terrorism.**

**Dr. Ghassemlou's role in the Kurdish struggle was immense. As the leader of the Kurdistan Democratic Party of Iran (KDPI), he fought for Kurdish rights within Iran. He dreamed of a democratic Iran where Kurds and other minorities would have equal rights and representation. His belief in decentralization aimed to empower local communities and respect their unique cultural identities in a diverse society.**

**Dr. Ghassemlou was a strong advocate for minority rights, stressing that protecting these rights was essential for social stability, peace, and development. He argued that marginalizing any group weakened the entire society.**

**On the international stage, Dr. Ghassemlou tirelessly raised awareness about the plight of Kurds and sought support for their struggle. He engaged with international organizations, foreign governments, and global human rights groups, presenting the Kurdish cause as part of the broader fight for global justice and human rights.**

**Dr. Ghassemlou's political skills and commitment to democracy had a significant impact on Iranian politics. As a firm secularist, he opposed the Islamist regime of the Ayatollahs, recognizing its threat to freedom and human rights. He aimed to unite Iranians from all backgrounds against the repressive regime, emphasizing the shared goal of establishing a democratic and secular state.**

**In recent years, Iran has witnessed significant events that highlight the urgency of our cause. The tragic death of Zhina Amini in September 2022 sparked widespread protests and the "Women, Life, Freedom" movement. Led primarily by women, millions of Iranians took to the streets, demanding an end to the oppressive regime and calling for democracy and human rights.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**These courageous actions echo Dr. Ghassemlou's lifelong fight against tyranny and for the rights of all marginalized groups.**

**The recent presidential elections in Iran showed that more than sixty percent of the population did not participate—a powerful statement of disagreement and dissatisfaction with the regime. It is crucial for Norway and other European countries to align their political strategies with the sentiments of the Iranian people. A strong international response to the regime's actions is essential, including addressing the role of its paramilitary entities.**

**As we remember Dr. Ghassemlou's legacy, Norway and other European countries must take decisive action. Recognizing and addressing the threats posed by the Iranian regime and its paramilitary groups is crucial. The experience of recent decades has shown that the Islamic Republic is a dictatorship based on the principle of "Supreme Leadership" and cannot be reformed. We urge Norway and the EU to take appropriate measures to reflect the seriousness of the regime's oppressive actions, thus supporting the fight for democracy and human rights in Iran.**

**Norway has a proud tradition of standing up for human rights and supporting democratic movements worldwide. By taking this step, Norway can show its commitment to these values and demonstrate solidarity with the Iranian people and all those fighting for democracy and freedom in Iran. This action aligns with Norway's broader foreign policy goals of promoting peace, security, and human rights globally.**

**As Kurds in Iran and Iranians alike, we must uphold Dr. Ghassemlou's ideals and principles through advocacy, education, and political engagement.**
**Building coalitions with like-minded individuals and organizations will advance the cause of democracy and minority rights in Iran. Educational initiatives can spread awareness about Dr. Ghassemlou's contributions and values, inspiring new generations of activists and leaders. Documentaries, biographies, and academic studies can help preserve his legacy and ensure his contributions are not forgotten.**
**We must continue to amplify Dr. Ghassemlou's voice on the international stage. Raising awareness about his contributions to the Kurdish struggle and**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

his vision for a democratic Iran will garner support from the international community and pressure Iranian authorities to respect human rights and uphold democratic principles. Engaging with international human rights organizations and United Nations bodies will keep the spotlight on human rights abuses in Iran and advocate for meaningful change towards democratic governance.

As we commemorate the 35th anniversary of Dr. Abdul Rahman Ghassemlou's assassination, let us honor his memory by continuing to fight for the principles he held dear—democracy, secularism, tolerance, and minority rights. Only by actively working towards these ideals can we truly realize his dream of a democratic Iran where all citizens are treated with dignity and respect.

The growing political awareness among Iranians has significantly weakened the credibility of the Islamic regime. The last election results highlighted the weaknesses of the Velayat-e-Faqih system, revealing its instability. Most Iranians have rejected the regime’s presidential election. Over sixty percent of the population demands fundamental changes in the political and social arenas, seeking a transition beyond despotism. The majority of Iranians once again wisely and vigilantly expressed their detestation of the Islamic Republic. The continuous efforts of Iranians can further weaken this regime, paving the way for a national and democratic system.

The Islamic Republic faces challenges that threaten its survival. It is in a state of decay, facing multi-dimensional crises and difficult decisions that may not ensure its survival. By intensifying the joint and united struggle of all democratic, patriotic, and freedom-seeking forces, we can progress towards establishing a democratic government in our beloved country, Iran.

**Thank you for standing together today, for remembering a great leader, and for your unwavering support in the ongoing struggle for a free and democratic Iran.**

**July 13, 2024**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێی تێکۆشەر برایم لاجانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەت کان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



https://serchawe.com